

# کورتەیەک لە ژیانی کارل مارکس و پوختەیەک لە مارکسیسم

**(١)**

**نووسینی : و . ا . لنین**

**وەرگێڕانی : ناسر ئەمین نژاد**

## • ژیان نامەیەکی کورت

کارل مارکس رۆژی ٥ی مانگی مای ساڵی ١٨١٨ لە شاری "تریر" سەر بە ناوچەی "راین"ی پرۆس، لە خێزانێکی تێروتەسەل و روناکبیر کە خۆی لە چالاکی شۆڕشگێرانە نەدەگەیاند، لە دایک بوو. باوکی پارێزەرێکی یەهودی مەزهەب بوو، لە ساڵی١٨٢٤وە چوبووە سەر ئایینی پرۆتستان. مارکس خوێندنی ناوەندی لە "تریر" تەواو کرد و دواتر چووە زانکۆ، سەرەتا لە "بۆن" و پاشان لە "برلین" دەستی کرد بە خوێندنی ماف واتە حقوق و زیاتریش مێژوو و فەلسەفە. ساڵی ١٨٤١ فەلسەفەی «ئێپیکور[1]»ی کردە بابەتێک بۆ نوسینی کۆتایی نامەی زانکۆ. مارکس ئەودەم لە باری بیروبڕواییەوە هێشتا لایەنگری "هێگێل" و ئیدەئالیست بوو، لە "برلین" خۆی لە کۆڕوکۆمەڵی "لایەنگرە چەپەکانی "هێگێل" «برنۆباوئێر[2]و کەسانی دیکە» نزیک خستەوە کە هەوڵیان دەدا لە فەلسەفەی "هێگێل" ئەنجامی "ئاتیئیستی"[3] و شۆڕشگێڕانە وەربگرن.

مارکس پاش تەواوکردنی خوێندن بە مەبەستی دەرس وتنەوە لە زانکۆ رووی لە شاری "بۆن" کرد. بەڵام سیاسەتی کۆنەپەرستانەی دەوڵەت، مارکسی لاوی وا لێکرد تا دەست لە کاری ناو زانستگا بشوا، ئاخر هەر ئەم دەوڵەتە لە ساڵی ١٨٣٢، پلەی مامۆستایی لە "لودویک فۆیرباخ"[4] ئەستاند و ساڵی ١٨٣٦ش جارێکی دیکە رێگەی زانکۆیان لێبڕی، هەروەها لە ساڵی ١٨٤١یشدا مافی دەرس وتنەوەیان لە پرۆفسۆری لاو "برنۆباویر" بڕی. لەم سەردەمەدا و لە ئاڵمان بیر و روانگەی " لایەنگرە چەپەکانی هێگێل" بە خێرایی هەڵیدەدا و لە برەودا بوو. فۆیرباخ بە تایبەت لە ساڵی ١٨٣٦ بەدواوە رەخنە لە ئیلاهیاتی دەست پێکرد و رووی لە ماتریالیسم کرد. ئیتر ئەم تێڕوانینە لە

---

[1] ـ « ئێپیکور Epicur ٢٢٤ ـ ٢٧٠ی بەر لە زایین ». فەیلەسوفێکی ماتریالیست و ئاتیئیستی یۆنانییە و قوتابخانەکەی خۆی لە ئاتن دامەزراند. پوختەی فەلسەفەکەی بریتییە لە:

- جیهان و سروشت وکۆمەڵگا مادیین (مادیت)
- بروای بە چوارچێوە و بنەماکانی هەڵدان و پێگەیشتن هەیە.
- ئینسان دۆست و گەشبینە بە مرۆڤایەتی.
- لایەنگری ئیلحادە و پێیوایە خودایەک لە گۆڕێدا نیە. (و.کوردی)

[2] ـ «برنۆباویر،١٨٠٤–١٨٨٢» فەیلەسوف و ئیدەئالیستی ئاڵمانی و یەکێک بوو لە ناسراوترین لایەنگرە چەپەکانی هێگێل. لە هەڵسورانی رۆژنامەگەریدا سەرەتا رۆژنامەنوسێکی رادیکاڵ– بورژوا بوو، بەڵام لە شەستەکان بەدواوە بوو بە لایەنگری بیسمارک. مارکس و ئینگێلس لە نووسراوەکانی وەک «خێزانی پیرۆز،١٨٤٤» و «ئیدئۆلۆژی ئاڵمانی،١٨٤٥–١٨٤٦» بیروڕا ئیدەئالیستییەکانی «برنۆباویر» یان داوەتە بەر رەخنە. (و.ف)

[3] ـ رەدکردنەوەی هەر هێزێکی لە دەرەوەی سروشت و هەروەها مەزهەب. ( و.ف)

[4] ـ «لودویک فۆیرباخ» یەکێکە لە فەیلەسوفە ماتریالیستە ناسراوەکانی ئاڵمان. فۆیرباخ فەلسەفەی ئیدەئالیستی «هێگێل»ی دایە بەر رەخنە، بەڵام نەیتوانی ماتریالیسم بکێشێتە ناو مەیدانی هەڵسورانی کۆمەڵایەتی. فۆیرباخ لە هەمان کاتدا کە لە دەرەوەی مەسەلە کۆمەلایەتییەکاندا ماتریالیستێکی بە برشت بوو، بەڵام لە لێتێگەیشتنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا هەروا ئیدەئالیست مایەوە. فۆیرباخ لە دواین ساڵەکانی ژیانیدا رووی لە ئەدەبیاتی سوسیالیستی کرد و لە ساڵی١٨٧٠وە چووە ناو ریزەکانی حیزبی سوسیال دموکراتی ئاڵمان.( و.ف)

ساڵی١٨٤١دا، له لای بوو به روانگەیەکی چەسپاو و بالادەست، که خۆی له کتێبی "جەوهەری مەسیحییەت"دا نیشاندا. له ساڵی١٨٤٢شدا نووسراوەیەکی دیکەی به ناوی «حوکمه بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی داهاتوو» بلاوکردەوە. دواتر "فریدریک ئەنگێلس" له سەر ئەم بەرهەمانەی "فویرباخ" نووسی: «دەبوا به گۆشت و ئێسکەوە هەستمان به شوێنەواری رزگاری دەرانەی ئەم نووسراوانه کردبا، ئێمه[٥] دەم و دەست بووینه لایەنگری "لودویک فویرباخ".

لەم سەروبەندەدا بورژوا رادیکاڵەکانی "راین" که خاڵی هاوبەشیان له گەڵ "لایەنگره چەپەکانی هێگیل" هەبوو، رۆژنامەیەکی دژبەر واتا «ئۆپۆزسیون»یان به ناوی "راین" له شاری "کۆلن" دامەزراند. یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیه له ژانوواری١٨٤٢دا بلاوکرایەوە. ئەمانه داوایان له مارکس و "برنۆباویر" کرد وەک هاوکارانی کارا و سەرەکی له گەڵ کەون. مارکس له ئوکتۆبری ١٨٤٢دا بوو به سەرنووسەری رۆژنامەی "راین" و شاری "بۆن"ی بەجێهێشت و له "کۆلن" نیشتەجێ بوو. ئەم رۆژنامەیه له دەورانی سەرنووسەریی مارکس دا گەلێک بەرچاوتر لایەنی شۆرشگێڕانه و دموکراتیکی گرته بەر. دەوڵەت سەرەتا دوو سێ جار ئەم رۆژنامەیەی خسته ژێر مەقەستی سانسۆر و پاشان بڕیاری دا به یەکجاری دایبخات. مارکس به ناچار بەر له تەواو بوونی مۆڵەتی دیاری کراو دەستی له کار کێشایەوە، بەلام ئەم وازهێنانەش مەترسی داخستنی له سەر رژنامەکه لانەبرد و سەرئەنجام له مارسی ساڵی١٨٤٢دا دەرکەیان گاڵه دا. جگه لەو وتارانەی که له کتێبنامەیەکی «بیبلیۆگرافیا» وتارەکانی مارکس له رۆژنامەی "راین"دا دەست نیشانمان کردووە[٦]، ئەنگێلس وتاری "وەزعی رەزەوانەکانی دۆڵی موزیل" به یەکێک له گرینگترین وتارەکانی مارکس له رۆژنامەی "راین" ناو دەبات. کاری رۆژنامەگەری مارکسی وەئاگا هێنا که به گوێرەی پێویست شارەزایی له ئابووریی سیاسیدا نیه، هەر بۆیه لێبڕاوانه قۆلی هەڵکرد بۆ خوێندنەوە و فێربوونی ئەم بابەته گرینگه.

مارکس له ساڵی١٨٤٢دا و له شاری "کریتسناخ" له گەڵ "ژنیفن وستفالن"، دۆستی سەردمی منالی، که هەر له دەورانی خوێندنی زانکۆوە هاواڵی یەکتر بوون، زەماوەندی کرد. "ژنیفن وستفالن" له بنەماڵەیەکی کۆنەپارێز و ئەشرافی "پرۆس" بوو. برا گەورەکەی له هەره رەشترین و کۆنەپەرست ترین سەردەمەکاندا، واته له ساڵەکانی نێوان١٨٥٠ تا ١٨٥٨ وەزیری ناوخۆی "پرۆس" بوو. مارکس له پائیزی ساڵی١٨٤٢دا چوو بۆ پاریس تا له گەڵ "ئارنۆلد روگه"[٧] گۆڤارێکی رادیکاڵ له دەرەوەی ولات بلاوبکاتەوە. تەنیا یەک ژماره لەم گۆڤاره که "ساڵنامەی ئاڵمانی فەرانسەیی" ناو بوو، بلاوکرایەوە و له بەر ناکۆکی بیروبڕوایی له گەڵ "روگه"، هەروەها له بەر تەنگ و چەڵەمەی به نهێنی بلاوکردنەوەی له ناوەوەی ولات، ڕاگیرا. وتارەکانی مارکس لەم گۆڤارەدا به ئاقارێکی زۆر شۆڕشگێرانەدا دەڕۆن؛ "رەخنەی بێ ئامان له سەرتاپای نەزمی مەوجود دەگرێ، «چەکی رەخنه» رادەگەیەنێ و راستەوخۆ له گەڵ کۆمەلانی خەڵک و پرولیتاریادا دەدوێ.

---

[٤] - مەبەستی لایەنگره چەپەکانی هێگیل و لەوانەش مارکسه.

[٥] ـ لنین له کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا (کورتەیەک له ژیانی کارل مارکس و...) ریزی وتارەکانی مارکس له رۆژنامەی "راین"ی بلاوکردۆتەوە. سەرەتا نووسیویەتی: " مارکس له ساڵی١٨٤٢ له رۆژنامەی "راین" له سەر ئەم بابەتانه وتاری نووسیوە؛

- داکۆکی له هێنانەدەرەوەی سیاسەت له چنگ رۆحانییەکان،
- له سەر یاسای دزینی دار،
- رەخنه له چۆنیەتی باس و وتووێژەکانی ناو شەشەمین خولی ئەنجومەنی هەرێمی "راین" لەسەر ئازادی بلاوکراوه و چاپەمەنی و هیتر... لێرەدا و لەم نووسراوانەدا تێپەربوونی مارکس له ئیدەئالیزم بۆ ماتریالیزم، له دموکراتیزمی شۆڕشگێرانه بۆ کمۆنیوم وەبەرچاو دەکەوێ ( و.ف)

[٧] ـ «ئارنۆلد روگه،١٨٠٢ـ١٨٨٠» له لایەنگره چەپەکانی هێگیل بوو، له ساڵی ١٨٣٠وە تا ١٨٣٥ له زیندان و پاشان تا ساڵی ١٨٤٨ له دەرەوەی ولات ژیانی به سەر برد. دواتر له نێوان ساڵەکانی ١٨٦٦ و١٨٧٠ ببوو به لایەنگری "بیسمارک".. (و.ف)

ئێنگێلس له سپتامبری ١٨٤٤دا بۆ چەنە رۆژێک سەردانی پاریسی کرد و لەو کاتە بەدواوە بووە هەرە نزیکترین دۆستی مارکس. ئەم دووانە بە تین و توانێکیی مکۆمی بەردەوام بەشداری ژیانی جۆش ساندوی تاقم و لایەنە شۆرشگێرەکانی ئەودەمی پاریسیان کرد. هەروەها لە دژی ڕێبازە جۆربەجۆرەکانی سوسیالیسمی وردەبورژواییدا تئوری و تاکتیکی سوسیالیزمی کرێکاریی شۆرشگیر یا کمونیزم (مارکسیزم) یان دادەرشت.

ڕێبازی"پرۆدۆن"[٨] ئەودەم گرینگییەکی تایبەتی هەبوو، مارکس لە "فەقری فەلسەفە"دا کە سالی ١٨٤٧بلاو بۆوە ، حسابی خۆی لە گەڵ "پرۆدۆنیزم" یەک لایی کردەوە. «بروانە نوسراوەکانی مارکس لەم دەورانە، یانی سالەکانی ١٨٤٤ تا ١٨٤٨». ساڵی ١٨٤٥ لە سەر داوا و پێداگرتنی دەوڵەتی "پرۆس" مارکس بە ناوی شۆرشگێرێکی مەترسیدار لە پاریس دوورخرایەوە و چوو بۆ "برۆکسل". مارکس و ئێنگێلس لە بەهاری ١٨٤٧دا چوونە ناو کۆمەڵەی "یەکێتی کمۆنیستەکان"، کە بە نهێنی تێدەکۆشا و کاری "ڕاگەیاندن"ی دەکرد. هەردووکیان چالاک و شۆرشگێرانە بەشدارییان لە کۆنگرەی دوهەمی ئەم یەکێتییە کرد، کە ساڵی ١٨٤٧ لە لەندەن گیرا. مارکس و ئێنگێلس بە پێی داوا و ڕاسپاردەیی ئەم کۆنگرەیە بەرهەمی بە ناو بانگی" مانیفیستی حیزبی کمونیست"یان نوسی و لە فوریەی ساڵی ١٨٤٨دا بلاوبووە. مارکس و ئێنگێلس لەم بەرهەمەدا بۆ یەکەمجار قەوارەی جیهان بینی و تێروانینێکی نوێیان بە ڕاشکاوییەکی داهێنەرانە دارشت و ڕاگەیاند. ماتریالیزمی دیالکتیکیان هێنایە گۆر، ماتریالیزمێک کە شێلگیرانە ژیانی کۆمەڵگاش بگرێتەوە... دیالکتیکیش وەک هەمەلایەنەترین و قوڵترین فێرکراوە، دەربارەی ڕەوتی گەشەساندن و پێگەیشتن. لە گەڵ ئەمانەش دا بە پوختی خەباتی چینایەتی و دەوری شۆرشگێرانە، مێژوویی و جیهانی پرۆلیتاریایان خستە بەرچاو کە خوڵقێنەر و بەدیهێنەری کۆمەڵگای نوێی کمونیستییە.

کاتێ شۆرشی فوریەی ساڵی ١٨٤٨ سەری هەڵدا، مارکس لە بلژیک دورخرایەوە، پاشان ڕێگەی پاریسی گرتەوەبەر و دوای شۆرشی مانگی "مارس"یش چوو بۆ شاری "کۆلن". لەم شارە ڕۆژنامەی " ڕاینی نوێ" بە سەرنوسەری مارکس، لە ڕۆژی یەکەمی مانگی"ژوئن"ی ساڵی ١٨٤٨وە هەتا مانگی "مای" ١٨٤٩ بلاوکرایەوە. ڕەوتی ڕووداوە شۆرشگێریی ساڵەکانی ١٨٤٨-١٨٤٩ ڕاستی و دوروستی ئەو بۆچوونە نوێ- یانەیان سەلماند، هەر بەوجۆرەش کە دواتر سەرجەمی بزوتنەوە کرێکاری و دموکراتیکەکان لە هەموو وڵاتانی جیهان سەلماندویانە.

دژی شۆرش پاش سەرکەوتن سەرەتا مارکسی خستە بەر دەم دادگا «لە فوریەی ساڵی ١٨٤٩ تەبرەئە کرا»، دواتریش دەستیان لێ هەڵنەگرت و لە ١٦ی مانگی مای ١٨٤٩دا لە ئاڵمان دوریان خستەوە. مارکس ڕووی لە پاریس کرد،پاش خۆپیشاندانی ١٤ی ژوئن ی ١٨٤٩ لەوێش دورخرایەوە و چوو بۆ لەندەن و تا کۆتایی تەمەنی هەر لەوێ مایەوە.

هەلومەرجی ژیانی دوورخراوەیی مارکس زۆر دژوار و ئەستەم بوو. نامە گۆرینەوەکانی مارکس و ئێنگێلس کە ساڵی ١٩١٣بلاوکراونەتەوە، بە باشی ئەو بارودۆخە تاڵ و دژوارە دەردەخەن. نەداری و دەستکورتی بە تەواوی برستی لە مارکس و ژن و منالەکانی بریبوو. ئەگەر یارمەتی بەردەوام و لێبراوانەی ئێنگێلس نەبا، نەک هەر نەیدەتوانی کتێبی "کاپیتاڵ" تەواو بکات، بەڵکو بێ شک لە ژێر باری قورسی هەژاری و بێ ئەنواییدا دەری نەدەبرد و سەری دەنایەوە. سەرەرای ئەم بارودۆخە نالەبارەی ژیان، ڕەوت و لایەنە سوسیالیستە وردە بورژوائی و بە گشتی ناکرێکارییەکان کە بالادەست بوون، مارکس یان ناچار کرد خەباتێکی بەردەوام لە دژیان بباتە پێش. زۆر جاریش

[٨] - «پییەر ژوزف پرۆدۆن،١٨٠٤-١٨٦٥» ئابووریزان و کۆمەڵناسی فەرانسەیی، بیرمەندێکی وردەبورژوایی و یەکێک لە بناخەدانەرانی ئانارشیزم بوو. پرۆدۆن یەکەمجار و یەکەم کەس بوو کە وشەی ئانارشی لە نوسراوەکانیدا بەکار هێنا. پرۆدۆن لە ڕوانگەی وردەبورژوایەکی تورەی هیچ پێنەماو ڕەخنەی لە سەرمایەداری ڕوو لەگەشە دەگرت. هەرچەند بە زمانێکی زبر ڕەخنەی لە خاوەنیەتی سەرمایەداری دەگرت، بەلام بە کردەوە تایبەتمەندی کۆنەپارێزانەی هەبوو، چونکا هەر چاوی لە ڕابردو بوو. ئەم بیروراپانەی پرۆدۆن لەبەر ڕواڵەتی ڕەخنەگرانەیان ماوەیەک لە ناو لاواندا برەوی هەبوو، بەتایبەت لە فەرانسە بەشێک لە بزوتنەوەی شۆرشگێری بە شوێن خۆیدا ڕاکێشابوو. ( و.ف)

دەبوو بەرپرچی هێرشی شەخسی، دڕندانە و ئاوسار پساویان بداتەوە کە دەیانکردە سەری بۆ نمونە ئاغای ڤۆگت[٩]«Herr Vogt».

وردەوردە مارکس خۆی لە کۆڕ و کۆمەڵی کۆچکردوەکان دەکشاندەوە و وەرگەڕایەوە سەر پێگەیاندن و پوختەکردنی تئۆری ماتریالیستی و بەهێزکردنی لایەنی گۆرانکاریدەر و شۆڕشگێڕانەی ئەم زانستە و هەموو بڕشت و توانای خۆی زیاتر بۆ خوێندنەوەی ئابوری سیاسی تەرخان دەکرد. لەم ماوەیەدا بوو کە زنجیرە بەرهەمێکی مێژوویی، لەوانە: « رەخنە لە سەر ئابوری سیاسی ١٨٥٩» و «کاپیتاڵ ـ بەرگی یەکەم ١٨٦٧» بڵاوکرانەوە. دواتر لە بەشی فێرکراوەکانی مارکسدا زیاتریان لە سەر دەڕۆین

دەورانی گەشەی بزوتنەوە دمۆکراتیکەکان لە کۆتایی پەنجا و شەستەکاندا جارێکی دیکە مارکسیان بەرەو هەڵسوڕانی بەکردەوە راکێشا. لە ٢٨ی سپتامبری ساڵی ١٨٦٤دا رێکخراوی بە ناوبانگی«ئینتر ناسیونالی یەکەم» واتە «کۆمەڵەی هاورێیەتی نێونەتەوەیی کرێکاران» لە لەندەن دامەزرا. مارکس جەمسەر و هەناوی ئەم رێکخراوەیە بوو. بۆ خۆی یەکەم پەیام و زۆربەی بڕیارنامە و راگەیاندن و بەیاننامەکانی دەنووسی. مارکس هەوڵی دەدا جولانەوەی کرێکاری لە وڵاتانی جۆربەجۆر یەکبخات، هەوڵی دەدا شێوە جۆربەجۆرەکانی سوسیالیزمی ناکرێکاری و دموکراتیکی وەک ؛"مازینی"[١٠]، "پرۆدۆن"،" باکۆنین"[١١]، "تریدیۆنیزمی ئینگلسیی"[١٢] هەروەها بادانەوەکانی "لاساڵ"[١٣] بەرەو ڕاست لە ئاڵمان و هیتر، رێنوێنی و هیدایەت بکات و بیانخاتە سەر شارێگەی هەڵسوڕانی بەکردەوەی هاوبەش. لە هەمان حاڵدا

---

[٨] ـ «کارڵ ڤۆگت،١٨١٧ـ١٨٤٥» سروشت ناسی ئاڵمانی و یەکێکە لە نوێنەرانی ماتریالیزمی ڕەشۆکی. "ڤۆگت" بەشداری شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ی ئاڵمانی کرد، بە توندی دژ بوو بە سوسیالیزمی زانستی، لە ڕاوکردن و بەدەستەوەدانی هەڵسوڕاوانی کرێکاریدا یارمەتی پولیسی دەدا و درۆ و تاوانی لە دژی مارکس و ئینگلس بلاو دەکردەوە. مارکس لە بەرهەمە رەخنەگرانەکەیدا بە ناوی " ئاغای ڤۆگت Herr Vogt " وەک سیخوڕ و فەرمانبەری نهێنی و موچەبگیری "لۆئی بناپارت" ناوی دەبا و لە قاوی دەدا.( و. ف)

[٩] ـ «ژوزیە مازینی ١٨٠٥ـ١٨٧٢» شۆڕشگێڕێکی ناسراوی ئیتالیایی، دموکرات بورژوا و یەکێک لە رێبەرانی جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی ئیتالیا بوو. "مازینی" لایەنگری جۆرێک سوسیالیزم بوو، سوسیالیزمێکی ئاوێتە لە گەڵ خەون و خەیاڵ، بە هومێد بوو کە دەکرێ لە رێگای هاریکاری کار و سەرمایە گیروگرفتە کرێکارییەکان چارەسەر ببن! لە باری تاکتیکییەوە مەیلی بەرەو هەنگاوی پیلانگێڕانە هەبوو، لە بەرژەوەندی جوتیاران نەدەگەیشت. (و.ف)

[١٠] ـ «باکۆنین١٨١٧ـ ١٨٧٦» خاوەنڕایەکی ناردۆنیکی و ئانارشیست بوو. هاتە ناو ریزی ئینترناسیونال، بەلام قەت لە مارکس نەگەیشت، بەردەوام خەریکی خراپەکاری و دوبەرەکی نانەوە لە ناو ئینترناسیونالدا بوو. ئاخرەکەی لەم رێکخراوەیە دەرکرا. باکۆنین هەوڵی دەدا کرێکاران و زەحمەتکێشان لە هەرجۆرە دەخاڵەتکردن لە سیاسەت بگێڕێتەوە و ئیدعای دەکرد کرێکاران لە جیاتی سیاسەتکردن دەبێ "شۆڕش" بکەن! (و.ف)

[١١] ـ «تریدیۆنیون» لە بریتانیا ناوی سەندیکا و یەکێتیە کرێکارییەکانە. لەم یەکێتییانەدا کرێکارانی پسپۆڕ بە پێی پیشەی خۆیان کۆ دەبنەوە. تریدیۆنیونەکان بە کۆمەڵ ئەندامی حیزبی کرێکارانی بریتانیان. تریدیۆنیونیزم Trade Unionismeسیستمی بیروراکانی رێبەرایەتی باڵی ڕاستی تریدیۆنیۆنەکانە کە جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاریی رەد دەکەنەوە و تەبلیغ بۆ ئاشتی چینایەتی دەکەن. (و.ف)

[١٢] ـ «فردیناڵد لاساڵ ١٨٢٥ ـ ١٨٦٤» سوسیالیستێکی وردەبورژوای ئاڵمانی بوو، لە بناخەدانەرانی یەکێتی سەرانسەریی کرێکاریی ئاڵمانە و نەخشێکی بەرچاو و باشی لە پەرە پێدانی جولانەوەی کرێکاری ئاڵماندا گێڕا، بەلام روانگەی هەلپەرستانەی هەبوو. کاتێ بەشێکی دیکەی جولانەوەی کرێکاری ئاڵمان لە گەڵ لاساڵ دا یەکیان گرت تا حیزبێکی یەکگرتووی کرێکاریی ئاڵمان پێک بهێنن. لاساڵ بیرورا ئۆپۆرتونیستییەکانی هێنایە ناو ئەم حیزبە و شوێنەواری خراپی لە سەر گەشەی دوا رۆژی حیزبەکە بەجێهێشت. (و.ف)


www.rawij.com

له بەرامبەر تیوری و تێڕوانینە هەڵە و پەڵەکانی ئەم تاقم و لایەنانەدا دەوەستایەوە. بەمجۆرە گەڵالەی ڕێبازێکی یەکگرتووانەی خەباتی کرێکاری چینی پرۆلیتاریای له وڵاتانی جۆربەجۆر دادەرشت.

پاش هەرەس هێنانی کۆمۆنی پاریس کە مارکس بە ڕوداوێکی "زۆر قوڵ، پرشنگدار، بەجێ، کارا و شۆرشگێر" هەڵیدەسەنگاند«بڕواننە شەری ناوخۆ لە پاریس ـ ١٨٧١» هەروەها پاش دابڕانێک کە باکۆنیستەکان خستیانە قەوارەی ئینترناسیونالّ، ئیتر نەدەکرا ئەم ڕێکخراوەیە لە ئوروپادا درێژەبە کاری خۆی بدا. هەر بۆیە «شۆرای گشتی ئینترناسیونالّ» لە دوای کۆنگرەی لاهە(١٨٧٢) بە هەوڵ و کۆششی مارکس گوێزرایەوە بۆ نیویۆرک. بەمجۆرە ئینترناسیونالّی یەکەم کۆتایی بە دەوری مێژوویی خۆی هێنا و دەورانی گەشەی زۆر مەزنتری جولانەوەی کرێکاری لە هەموو وڵاتانی دنیا جێگەی گرتەوە. دەورانێک کە تێیدا ئەم جولانەوەیە پانتاییەکی زۆرتری دەتەنییەوە و حیزبی سوسیالیستی کرێکاریی بەربلاو و جەماوەری، لە چوارچێوەی هەر دەوڵەتێکی نەتەوەییدا بە جیاجیا پێک دەهاتن.

مارکس بەردەوام درێژەی بە کاری پوختەکردنی زانیارییەکانی خۆی لەمەر ئابوری سیاسی دەدا و لە هەوڵی ئەوەدا بوو "کاپیتالّ" تەواو بکات. بۆ ئەم کارە دەستاژۆ و ماتریالّی نوێی کۆ دەکردەوە، زمانی تازە فێر دەبوو(وەک ڕوسی). بەلام کاری قورس لە ئینترناسیونالّ و کاری قورستری فکری و تیوریکی، ساغ و سلامەتی مارکسی بە تەواوی تێکدا، نەخۆشی بڕستی لێ بڕی و نەیتوانی کۆتایی بە "کاپیتالّ" بهێنێ.

له٢ی دسامبری سالّی ١٨٨١ ژنیفێنی هاوسەری مرد، بۆخۆشی سالّ و نیوێک دواتر لە ١٤ی مارسی ١٨٨٣دا بە هێمنی لە سەر کورسییەکەی چاوی لێکناو چووە خەوی هەتاهەتاییەوە. مارکس لە لەندەن، لە گۆرستانی«هایکت Highate» لە تەنیشت "ژنی فن وستفالێن"ی هاوسەری نێژرا. چەند منالّێکیشیان هەر لە تەمەنی ساواییدا چاویان لێک نا، ئەورۆژانەی کە هەژاری و دەستەنگییەکی ئەستەم بالّی بەسەر ژیانی خاوخێزانییاندا کێشابوو. مارکس سێ کچی هەبوو کە شوویان بە سێ سوسیالیستی بریتانی و فەرانسەیی، بە ناوەکانی «ئالئۆنۆڕالینگ Aveling» ، «لاورالافارگLafargue»، «جنی لۆنگە Longuet». کوڕی "جنی لۆنگە" ئەندامی حیزبی سوسیالیستی فەرانسەیە.

کۆتایی بەشی یەکەم




# کورتەیەک لە ژیانی کارل مارکس و پوختەیەک لە مارکسیسم

(٢)

نووسینی : و . ا . لنین
وەرگێڕانی : ناسر ئەمین نژاد

## • فێرکردەکانی مارکس

مارکسیزم بریتییە لە سیستمی بیروڕاکان، روانین و تێکڕای فێرکردەکانی مارکس. ئەم مرۆڤە هەڵکەوتەیە درێژەپێدەر و کۆتایی پێهێنەری سێ رەوتی فکری گرینگی سەدەی نۆزدەهەم و دارێژەری سیستمی بیروبڕواییەکی نوێیە کە بلیمەتانە دایرشت و پەرەی پێدا و بە ئەنجامی گەیاند. ئەم سێ ڕەوتە کە لە سێ وڵاتی بەرەوپێش چووی مرۆڤایەتی سەریان هەڵدا، ئەمانەن:

- فەلسەفەی کلاسیکی ئاڵمان،
- ئابوری سیاسی کلاسیکی ئینگلستان،
- سوسیالیزمی فەرانسە، هاوپێوەند لە گەڵ هەموو ئەزمونە شۆرشگێرییەکانی ئەم وڵاتە.

تێکڕای بیروڕاکانی مارکس پێکهاتوون لە ماتریالیزمی هاوچەرخ و سوسیالیزمی زانستی هاوچەرخ، کە بۆتە تیئۆری، بەرنامە و ڕێبازی جوڵانەوەی کرێکاری هەموو وڵاتانی جیهان. شێلگیری، پتەوی و یەکانگیری ئەم قەوارەیە هێندە بەرچاو و ئاشکرایە کە تەنانەت دوژمنەکانیشی نکۆڵی لێ ناکەن.
پێش باسکردن و کردنەوەی ناوەڕۆک و کاکڵەی سەرەکی مارکسیزم، یانی ئابوری سیاسی مارکس، کورتەیەک لە دنیابینی و روانینەکانی باس دەکەین.

## • ماتریالیزمی فەلسەفی

مارکس بۆخۆی لە ساڵەکانی١٨٤٥ـ١٨٤٤دا کە بیروڕاکانی پێدەگەیی، ماتریالیست و لەوانەش لایەنگری "لودویک فویرباخ" بوو. مارکس گرینگیی جیهانی ـ مێژوویی "لودویک فویرباخ"ی بەوە دەزانی کە بەبڕشتانە لە ئیدئالیزمی "هێگێل" بڕا و ماتریالیزمی راگەیانە. ماتریالیزمێک کە تەنانەت «لە سەدەی ١٨وە، بەتایبەت لە فەرانسە خەباتێک بوو نەتەنیا لە دژی دامودەزگای سیاسی، مەزهەب و ئیلاهیات، بەڵکوو لە هەمان حاڵدا ... خەباتێکیش بوو لە دژی هەر جۆرە بیروڕایەکی متافیزیکی"[1]» دواتریش خاڵە لاوازەکانی ماتریالیزمی"فویرباخ"ی بەوە دەست نیشان دەکرد کە وەک پێویست شێلگیر و هەمەلایەنە نیە.
مارکس دەنوسێ: «رەوتی تیفکرین لە لای"هێگێل"ـ کە تەنانەت لە ژێر ناوی ئیدە، کردویەتی بە کەسایەتییەکی سەربەخۆ ـ خوڵقێنەری ئەو واقعیەتانەن کە هەن (یانی ئەوە فکرە کە واقعییەتەکان دروست دەکەن) بەڵام بۆ من بە پێچەوانە، هەموو ئەو شتانەش کە فکریین، هیچ شتێک نین جگە لە مادەیەک کە لە مێشکی ئینسان دایە و تێیدا گۆرانی بە سەردا هاتووە» ئینگێلس لە گەڵ ئەم فەلسەفە ماتریالیستییەی مارکس بە تەواوی هاودەنگ بوو، بۆخۆشی ئەم باسەی بە دورودرێژی و بە پوختی لە کتێبی "ئانتی دورینگ"دا ـ کە مارکس دەسنوسەکەی دیتبوو ـ شیی کردۆتەوە. ئینگێلس دەنوسێ: «...یەکانگیری و هاوپێوەندی دنیا لە بووونیدا نیە، بەڵکو لە مادی بوونیایەتی کە هەڵدانی دژوار و

[1] بڕواننە «خاوخێزانی پیرۆز» لە «کەلەپوری ئەدەبی» یان (رەخنە لە رەخنەی رەخنەگرانە، لە دژی برنۆباویر و شەریکەکانی) ئەم کتێبە یەکەم بەرهەمی هاوبەشی مارکس و ئینگێلسە، ساڵی١٨٤٤ نوسراوە و لە ١٨٤٥دا بڵاو کراوەتەوە. متافیزیک بە مانای "ئیسپکۆلاسیونی سەرخۆشانە" لە جیاتی "فەلسەفەی وشیار")

درێژخایەنی فەلسەفە و زانستە سروشتییەکان ... دەیسەلمێنن ...بزوتن یا خود حەرەکەت شکڵی بوون یان هەستی مادەیە. لە هیچ شوێنێکدا و قەت مادەیەکی بێ بزوت و بزوتنێکی بێ مادە وجودی نەبوە و ناتوانێ ببێ... ئەگەر ئەم پرسیارە بێتە گۆر کە بیر و ناسین (تفکر و شناخت) چین و لە کوێوە خوڵقاون؟ دەبینین کە ئەوانە بەرهەمی مێشکی ئینسانن و ئینسانیش بۆخۆی بەرهەمی سروشتە و لە ناو سروشت و لە گەڵیدا پێگەیوە و گەشەی ساندووە. بەمجۆرە خۆبەخۆ و بە ئاشکرا دیارە کە بەرهەمەکانی مێشکی ئینسان کە خۆشیان لە ئاخرین لێکدانەوەدا بەرهەمی سروشتن، لە گەڵ پەیوەندییەکانی دیکەی سروشتدا دژایەتییان نیە و وەک یەک دێنەوە. هێگڵ ئیدەئالیست بوو، یانی پێیوابوو ئەشیا و پێگەیشتنیان رەنگدانەوەی ئیدەیەکی نادیارن، کە بەر لە پێکهاتنی دنیا هەبوە، دیارنیە چۆن و لە کوێوە! لەحاڵێکدا ئەو بیر و فکرانەی کە لە مێشکی ئێمەدا هەن وێنە و کەم و زۆر رەنگدانەوەی[2] خودی ئەشیا و راستییەکانن» ئینگێلس لە بەرهەمێکی دیکەیدا بە ناوی "لودویک فویرباخ". کە تێیدا بیروڕای خۆی و مارکسی دەربارەی فەلسەفەی "فویرباخ" بەیان کردووە و بەر لە بڵاوکردنەوەی جارێکی دیکە دەسنووسەکانی خۆی و مارکسی لە بابەت فەلسەفەی "فویرباخ" و "هێگڵ" و لەسەر لێتێگەیشتنی ماتریالیستی مێژوو خوێندۆتەوە . بەمجۆرە دەنووسێ:

«پرسیاری گەورە و سەرەکی هەر فەلسەفەیەک، بەتایبەت فەلسەفەی ئەمرۆیین ئەوەیە کە لە نێوان بیر و بوون (هەستی) یان رۆح و سروشت... چ پێوەندییەک هەیە و کامیان لە پێشترن؟ رۆح بەر لە سروشت یان سرۆشت بەر لە رۆح؟ فەیلەسوفەکان بە پێی وڵامێک کە بەم پرسیارەیان داوەتەوە بەسەر دو ئۆردوی گەورەدا دابەش دەبن:

- یەکەم ئەوانەی ئیدعا دەکەن کە رۆح بەر لە سروشت وجودی هەبوە و بەمجۆرە بە شێوەیەک لە شێوەکان پێیان وایە دنیا خوڵقێندراوە ... ئەمانە ئۆردەی ئیدەئالیزمیان پێکهێنا.
- دەهەم ئەوانەی کە سروشت بە سەرچاوەی بنەڕەتی دەزانن، ئەمانەش قوتابخانە جۆر بە جۆرەکانی ماتریالیزمیان پێکهێنا.»[3]

ئەگەر لێتێگەیشتنەکان و مانای ئیدەئالیزمی فەلسەفی و ماتریالیزمی فەلسەفی جگە لەوەی سەرەوە بە هەر جۆرێکی دیکە لێکبدرێتەوە یان بە هەر مانایەکی دیکە بەکار ببردرێ، تەنیا سەرلێشواوی بەدواوە دەبێ و هیچیتر. مارکس نەتەنیا ئیدەئالیزمی رەتدەکردەوە کە هەر دەم بەجۆرێک پێوەندی بە مەزهەبەوە هەیە، بەڵکو بەرپەرچی بیروڕاکانی "هیومHume" ، "کانت Kant" و شێوە جۆر بە جۆرەکانی "سەرلێ دەرنەهێنان Agnosticme "[4] "سەنجش گەراییCritisme" و " سەلماندنخوازی[5]Positivisme " دەدایەوە. مارکس ئەو جۆرە فەلسەفانەی بە

---

[2] - (Abbilder واتە وێنەکان، ئینگێلس جاروبارە وشەی قاڵب یان کلیشەی بەکار دەهێنا)

[3] ـ کتێبی"لودویک فویرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئاڵمان" بە زمانی روسی، لاپەڕەکانی ٢٢تا ٢٥ و٢٨

[4] ـ ئاگنۆستیسیزم یان لاادری، یاخود "سەرلێدەرنەهێنان" Agnosticme رایەکی فەلسەفی و کۆمەڵناسییە لە ناسیندا و پێیوایە:

- ✓ ئاوەزی کورتی مرۆڤ دەرەقەتی ناسینی سەرجەم یان بەشێک لە دنیا و سروشت نایەت.
- ✓ ئیمکانی نیە بتوانین خودا بناسین یان پەی بە هەموو سووچ و کەلێنەکانی عالەم ببەین.
- ✓ ئێمە نازانین داخوا ئەو زانیارییانەی ئێمە زانستە یان نا. ئەگەر زانستە نازانین داخوا حەقیقەتیان هەیە یان نا. (و. کوردی)

[5] ـ پۆزیتیویسم Positivisme یان بەرەو سەلماندن یاخود سەلماندنخوازی، شێوازێکی توێژینەوەیە و لە لایەن «ئاگوست کنت»وە راگەیاندراوە. ئەم شێوازە وای بۆ دەچێ کە بەرزترین شکڵی زانست ئەوەیە کە دیاردە هەست پێکراوەکان بە هۆی ئەو دیاردە سروشتییانەوە کە هاتوونەتە دێ، شەرح و شیی بکرێنەوە. «ئاگوست کنت» پێیوایە کە مرۆڤایەتی لە باری زانستەوە سێ قۆناغی بڕیوە:

١. قۆناغی رەببانی، کە هۆکاری هەموو دیاردەکان بە خواکانەوە گرێ دەدرانەوە.
٢. قۆناغی متافیزیک. کە لەودیو سروشتەوە بە شوێن هۆکار و دیاردە سروشتییەکانەوە دەگەرا.

چاوپۆشی کردنی "کۆنەپەرستانە" لە ئیدەئالیزم ناو دەبرد و پێیوا بوو ئەم بۆچوونە فەلسەفییانە لە چاکترین باری خۆی دا «لە سەرەوە ماتریالیزم بە بەر چاوی گشتییەوە فڕێدەدا، و لەبنیشەوە شەرمێونانە وەریدەگرێتەوە»."[٦] هەر بۆ ئەم باسە جگە لە بەرهەمەکانی مارکس و ئینگێلس بڕواننە نامەیەک کە مارکس ڕۆژی ١٢ی دیسامبری١٨٦٦ بۆ ئینگێلسی ناردووە. مارکس لەم نامەیەدا بیروڕای سروشت ناسی بەناوبانگ، "هوکسلیHoxly" بە "ماتریالیستی تر لەوەی کە هەیە" ناو دەبات. ئەم وتەیەی دەهێنێتەوە کە وتویەتی: «لە بەر ئەوەی کە ئێمە پێشتر دەبینین جا بیر دەکەینەوە، ناتوانین پێ لە بەرەی ماتریالیزم بترازێنین» بەڵام لە بەر ئەوەی کە "ڕێگایەکی دەربازبوونی" بۆ ئاگنۆسیتیزم و هیوم گەرایی کردۆتەوە ڕەخنەی تێ دەگرێ.

لێرەدا دەبێ بە تایبەت یادێک لە ڕوانگەی مارکس لە سەر پێوەندی نێوان "جەبر" و "دەسەلات" بکەینەوە. ئینگێلس لە کتێبی " ئانتی دورینگ"دا نوسیویەتی: «جەبر کوێرە هەتا ئەوکاتەی پێمان نەزانیوە، ئیختیار و دەسەلاتیش بریتییە لە ناسین و کردنەوەی گرێی جەبر» واتە هەرچی زیاتر گرێ کوێرەکانی جەبر بکەینەوە هێندە زیاتر ئاستی دەسەلاتمان بەرێنترە. ئەمانەش یانی قبوڵ کردنی قانونمەندییە عەینییەکانی سروشت و گۆڕینی دیالکتیکی جەبر بە دەسەلات (بە مانای قبوڵ کردنی گۆڕینی شتە نەناسراوەکان ـ کە دەکرێ بناسرێن ـ یان گۆڕینی "شتێک کە خۆی لە خۆی دا هەیە"، بە "شتێک بۆ ئێمە" و گۆڕینی "جەوهەری ئەشیا" بە " دیاردەکان")

مارکس و ئینگێلس پێیان وابوو ماتریالیزمی کۆن و لەوانەش ماتریالیزمی "فویرباخ" و بەر لە هەموان ماتریالیزمی هەرەمەی "بۆخنێرBuchner"، "ڤۆگتVogt" و "مۆلەشۆتMoleschott " و ئەوانی دیکە ئەم لاوازی و کەموکوڕییە بنەڕەتییانەیان هەیە:

١. ئەم ماتریالیزمە بە گشتی شتێکی میکانیکی بوو. پێشکەوتە نوێکانی شیمی و ژیناسی لەبەر چاو نەدەگرت .[٧]
٢. ئەم ماتریالیزمە نامێژوویی و نادیالکتیک بوو.(بە مانای دژی دیالکتیک، متافیزیک[٨] بوو) هەروەها شێلگیرانە و هەمە لایەنە شوێن پێی هەڵدان و تەکامولی نەدەگرت.

---

٣. قۆناغی دیتنەوەی هۆ و زانیارییەکان لەناو خودی تەبیعەتدا، ئەمە بەرزترین قۆناغی توێژینەوەیە. «ئاگوست کنت» دەڵێ: « زانیاری ئینسان تەنیا لە دوو ڕێگاوە بە دەست دێت، یەکەم ئەو شتانەی کە خۆی دەیبینێ، دووهەم ئەو شتانەی کە تاقیکراونەتەوە. هەر شتێک تاقی نەکرابێتەوە بۆ دەرک کردن نابێت. (و. کوردی)

[٦] ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٧] ـ لە سەردەمی ئێمەدا و ئێستا بەتایبەت جێی خۆیەتی تێۆری ئەلکتریکی مادەشی لێ زیاد بکرێ. (و.ف)

[٨] - لە دنیای فەلسەفەدا دوو شێوازی سەرەکی هەیە بۆ چۆنیەتی بەرەورووبوونەوە و لێکۆڵینەوەی دیاردەکان و ناسینیان:

١. **شێوازی متافیزیکی.** بە پێی ئەم شێوازە دنیا پێچراوەیەکە لە دیاردە و شتی جۆربەجۆر، کە هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نیە و شوێن لەسەر یەکتر دانانێن و نەگۆڕن و بە چەشنێک دەمێنن و گۆڕانەکانیش دەورلێدانەوە و دووپاتبونەوەی یەکجۆری وەزعی پێشوە .
٢. **شێوازی دیالکتیکی.** ئەم شیوازە بە پێچەوانەی شێوازی متافیزیکیە، لەسەر بنەمایەکی زانستی دارێژراوە و چوار کۆڵەکەی بنەڕەتی هەیە:

- **<u>پەیوەندی</u>**، سەرجەمی دیاردەکانی دنیا جیا لە یەکتر نین، پەیوەندییان پێکەوە هەیە و شوێن لەسەر یەکتر دادەنێن، ئەمانەش هەموویان ئەشکاڵی جۆربەجۆری ماددەن، هەر لە سادەوە هەتا تێکەڵ و پێچراوە.هیچ شتێکی جیاواز لە مادە وجودی نیە، فکر و گیانیش لە تایبەتمەندی و خاسییەتی مادەیەکی یەکجار ئاڵوز و پێچراوەن.
- **<u>بزوتن و گۆڕان</u>**، سەرجەمی دیاردەکانی دنیا کە پێکەوە پێوەندییان هەیە بەردەوام لەحاڵی گۆڕانی هەمیشەییدان. سرەوتن و نەگۆڕی مانای نیە و ناتوانێ ببێ.
- **<u>کێشە و ناکۆکی</u>**، ماکی بزوتن و گۆڕان کیشەو ناکۆکی نێوان دیاردەکانە. هەمیشە شتێک لەحاڵی پەیدا بوون و بەخۆداهاتنە و شتێکی دیکە بەرەو نەمان و فەوتان دەچێ.

٣. ئەم ماتریالیستانە وا لە جەوهەری ئینسان دەگەیشتن کە شتێکی دابڕاو و رووتە. پێیان وا نەبوو کە بە شێوەیەکی دیار، مێژوویی و دەست نیشانکراو "کۆکراوەیەکە لە سەرجەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان". هەر بەم هۆیەش تەنیا دنیایان "لێکدەدایەوە" لە حالێکدا کە قسە لەسەر "گۆڕینیەتی". بە واتایەکی دیکە لە "گرینگی هەڵسوڕانی بە کردەوەی شۆڕشگێرانە" نەدەگەیشتن .

*****

## • دیالکتیک

مارکس و ئینگێلس دیالکتیکی "هێگل"یان بە گەورەترین دەسکەوتی فەلسەفەی کلاسیکی ئاڵمان بەحساب دەهێنا. چونکا هەمەلایەنەترین و لەباری ناوەرۆکیشەوە بەپێزترین و قوڵترین فێرکردە دەربارەی پێگەیشتن و تەکامول بوو. پێیانوابوو هەر دارشتن و قەوارەیەکی‌تر لە بنەماکانی پێگەیشتن و گۆران شتێکی یەکلایەنەیە و لە باری ناوەرۆکیشەوە دەستوپێ شکاو و بەرئاوەژۆکەری رەوتی راستەقینەی پێگەیشتن و گەشەی سروشت و کۆمەڵگایە؛ (پێگەیشتنێک کە زۆرجار هاورێیە لە گەڵ بازدانەکان(گۆڕانی خێرا)، کارەسات، ریکەوت و شۆڕشەکان)

ئینگێلس دەنوسیێ: "رەنگە من و مارکس تەنیا کەسانێک بووبێتین کە ئەرکی رزگارکردنی دیالکتیکی وشیارمان لە چنگ فەوتان بە دەستی ئیدەئالیزم و تەنانەت خودی لایەنگرەکانی "هێگل"یش وەئەستۆ گرت" و بەرەو لێ‌تێگەیشتنی ماتریالیستی سروشت گواستمانەوە. سروشت بەڵگەی دیالکتیکە و زانستە سروشتییەکانی ئەمرۆیی نیشانی دەدەن کە ئەم بەڵگەیە زۆر پتەو و بە پێزە (ئەمانە هێشتا بەر لە دۆزینەوەی رادیۆم، ئەلکترۆنەکان و گۆرانی توخمەکان و هی تر نوسراون!) ئەم زانستانە هەر رۆژ دەسمایە و ماتریاڵی نوێ دەخەنە بەردەست و ئەوە دەردەخەن کە کاروباری تەبیعەت لە دواپین لێکدانەوەدا لە سەر تەوەرەی دیالکتیکی دەسورێ نەک متافیزیکی."[٩]

ئینگێلس دەنوسیێ: «ئەم بیروبۆچونە پتەو و بناخەییە کە دەڵێ؛ دنیا لە ئەشیای حازربەدەست و کامڵکراو پێکنەهاتووە، بەڵکو سەرجەمێکە لەو رەوتانەی کە تێیدا ئەشیای بە رواڵەت نەگۆڕ، هەروەها ئەو وێنە فکرییانەی مێشکمان کە لەم ئەشیایانە وەری دەگرێ و ئەو مانایانەی کە لێی ساز دەکات، بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدان؛ جاری وایە سەرهەڵدەدەن، جاری واشە دەفەوتێن. ئەم روانگە پتەو و بناخەییە لە سەردەمی "هێگل" بەدواوە وەها لە زەینی بیرورای گشتیدا جێگای خۆی کردەوە کە بڕوا ناکرێ کەسێک بتوانێ بە گشتی نکۆڵی لێ بکات. بەڵام قبوڵکردنی بە قسە شتێکە و بەکارهێنانی بۆ هەر بابەتێکی دیار و لە هەر مەیدانێکی لێکۆڵینەوەدا شتێکی‌ترە". "لە فەلسەفەی دیالکتیکیدا هیچ شتێک وجودی نیە کە جارێک و بۆ هەمیشە نەگۆڕ و سەقامگرتوو، یان بێ‌مەرج و پیرۆز بێت. ئەم فەلسەفەیە مۆری داکەوتن و نەمانی لەچارنەهاتوو بە سەر هەموو شتێکەوە دەبینێ، هیچ شتێک ناتوانێ خۆ لەم کەوتنە بپارێزێ و خۆی لێ بەدوور بگرێ، جگە لە رەوتی بێ کۆتایی سەرهەڵدانەوە و تێداچوون، رەوتی بەرز بونەوەی بێ کۆتایی لە خوارەوە بۆ سەرەوە» بەمجۆرە بە بۆچونی مارکس دیالکتیک بریتییە لە «زانستی یاسا گشتییەکانی بزوتن; هەم بزوتنی جیهان و هەم بزوتنی بیر و فکری ئینسانی".[١٠] مارکس ئەم لایەنە شۆڕشگێڕانەیەی فەلسەفەی "هێگێل"ی گرت و پەرەی‌پێدا. ماتریالیزمی دیالکتیک «پێویستیی بە فەلسەفەیەک نیە کە لەسەرو هەمو زانستەکانی‌ترەوە بێ» لە فەلسەفەی کۆن تەنیا فێرکردەی لە مەر تێفکرین و یاساکانی ئەم بابەتە واتا مەنتقی شێوەیی

---

• **پێگەیشتن یان تەکامول**، بزوتن و گۆڕان کە لە ئەنجامی کێشە و خەباتی دژەکان لەگۆڕێدایە دەبێتە هۆی پەیدابوونی دیاردە و بارودۆخێکی تازەتر. ئەم رەوتە لە دیتنێکی سەرەکی و گشتی خۆیدا بەرەو پێگەیشتن و لە سادەوە بەرەو پێچراە، لە نزمەوە بەرەو بەرز دەچێت، سەرەتا گۆڕانەکان بە شێنەیی دەچێتە پێش و پاشان دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن و سەرهەڵدان. (و.کوردی)

[٩] ـ ئینگێلس، "لودویک فویرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئاڵمان"،بڕواننە وەرگێڕدراوی فارسی ئەم بەرهەمە، چاپی مۆسکۆ، لاپەڕەکانی ١٢،٥٧ و٥٨

[١٠] ـ ئینگێلس، "ئانتی دورینگ"

یان صوری[11] و دیالکتیک، دەمێنێتەوە. دیالکتیکیش، هەم لە روانگەی مارکس و هەم بە بۆچونی هێگێل ئەو شتانە دەگرێتەوە کە ئەمرۆ تێۆری «ناسین» یا «گنۆسئۆلۆژی» پێ دەڵێن. ئەم تێۆرییەش دەبێ بابەتەکەی خۆی بە شێوەی مێژوویی بخاتە بەرچاو، سەرچاوەی هەڵدان و پێگەیشتنی ناسین و تێپەڕبوون لە سنوری نەناسین بۆ ناسین لێکبداتەوە و گشتی و بەرفراوانی بکات.

ئەمرۆ و لە سەردەمی ئێمەدا فکرەی پێگەیشتن و گۆڕانکاری ( تکامل و تحول) جێگای خۆی بە تەواوی لە ناو وشیاریی کۆمەڵایەتیدا گرتوە، ئەویش نەک لە رێگای فەلسەفەی هێگێل، بەڵکو لە رێگاکانی دیکەوە. بەڵام ئەو قەوارەیەی کە مارکس و ئینگێلس لەم بابەتەوە دایانڕشتووە زۆر هەمە لایەنەتر و لە باری ناوەرۆکیشەوە گەلێک بە پێزترە لەو فکرە باوەی کە لە مەر پێگەیشتن و گۆڕانکارییەوە هەیە. مارکس لە نامەیەکدا بۆ ئینگێلس چەند برگەیەک لە دیالکتیکی پێگەیشتن بەمجۆرە ناو دەبات و دەنوسێ: «... هەڵدان بە مانای دوپاتبونەوەی دەقاودەقی قۆناغە تێپەڕاندووەکان نیە. بەڵکو دوپاتبونەوەیەکی بەجۆرێکیتر و لە سەر بنەمایەکی گەلێک بەرزترە (نفی لە نفی) ئەمە رەوتێکی پێچاوپێچە نەک رێچکەیەکی راستەوراست، بازدانە(گۆڕانی خێرا)، کارەسات خوڵقێن و شۆڕشگێڕانەیە، لێکپچڕانی بەرە بەرەیە، گۆڕانی چەندایەتییە بۆ چۆنایەتی، تەکان و قوڵپی دەرونیی پێگەیەنەرە کە هەڵقوڵاوی دژایەتی و لێکدانی هێزەکان و ئەو مەیلە جۆراوجۆرانەن کە لە سەر شتێک یا خود دیاردەیەک یان لە ناو کۆمەڵگایەکدا شوێنەوار دادەنێن. هەموو لایەنەکانی هەر دیاردەیەک پەیوەندییەکی نەپچڕ و بەستراوەییەکی دو لایەنەیان لە نێوان دایە، پەیوەندییەک کە خۆی سەرچاوەی خوڵقاندنی رەوتی جیهانیی و قانونمەندی حەرەکەت و بزوتنە. لە بیریشمان نەچێ کە مێژوو بە بەردەوامی گەلێک لایەنی جۆراوجۆرمان لێ ئاشکرا دەکات» ئەمەیە چەند برگەیەک لە دیالکتیکی مارکسیستی هەڵدان و پێگەیشتن، وەک فێرکردەیەکی بە پێز و پرناوەرۆکتر لەوەی کە هەیە. (بڕوانە نامەی رۆژی ٨ی ژانوەری ساڵی ١٨٦٨ی مارکس بۆ ئینگێلس، کە تێیدا گاڵتە بە "سێ چوکڵەی چێوین" دەکات و دەڵێ زۆر گەوجانەیە ئەگەر روانگەی "شتاین" بە ماتریالیزمی دیالکتیک بزانین »[12]

کۆتایی بەشی دووهەم

---

[11] ـ مەنتق بۆخۆی زانستێکە و چۆنیەتی جۆری پێوەندی نێوان بابەت و دیاردەکان، هەروەها حوکمەکان و ئەنجامەکان لێکدەداتەوە. مەنتقی شێوەیی یان صوری یاخود فورماڵ جۆرە مەنتقێکە کە تەنیا جۆر و شێوەکانی مەنتقی (پێوەندی نێوان بابەتەکان و ئەنجامەکانیان و دروست بوونی شێوەی بەکارهێنانیان) لێکدەداتەوە و کاری بەسەر پێوەندی دەروونی و ئۆرگانیکی شتەکان و دیاردەکانەوە نیە. مەنتقی دیالکتیک ئەم کارە دەکات. (و. کوردی)

[12] ـ لۆرێنس شتاین)Stein(١٨١٥ـ١٨٩٠مامۆستای زانکۆ، دەوڵەت ناس و ئابوری زانی ئاڵمانی بوو. جیهان بینییەکەی لە فێرکراوە پارێزەرانە و ئیدەئالیستییەکانی هێگل لەسەر"لەودیوی چینایەتی"بوونی پاشایەتی، سەرچاوەی دەگرت و ماتریالیزم و ئیدەئالیزمی ئاوێتەی یەکدی دەکرد. شتاین لە لێکدانەوەی راستییی کۆمەڵایەتیـ سیاسییەکان کەڵکی لە دیالکتیکی ئیدەئالیستی وەردەگرت و بۆ داکۆکی لە پاشایەتی بەکاری دەهێنا. شتاین لە نوسراوەکانیدا زۆر بەشان و باڵی "سیستەمی مەشروطەی بورژوازی"دا دەهاتەخوار و بە پاشایەتی "کۆمەڵایەتی" ناوی دەبرد، کە گوایە بەرگریی لە بەرژەوەندیی گشتی گەل دەکا، کێشە لە ئاشتینەهاتووە چینایەتییەکان دەفەوتێنێ و لایەنە دژبەیەکەکان خاو دەکاتەوە. .(و.ف)




# کورتەیەک لە ژیانی کارل مارکس و پوختەیەک لە مارکسیسم

(٥)

**نووسینی : و . ا . لنین**
**وەرگێڕانی : ناسر ئەمین نژاد**

- ## سوسیالیزم

لە باسەکانی تا ئێستامان به ئاشکرا دەردەکەوێ کە مارکس بەگشتی و تەنیا لە قانونی حەرەکەتی کۆمەڵگای هاوچەرخەوە ئەو ئەنجامە وەردەگرێ کە گۆڕانی کۆمەڵگای سەرمایەداری بەرەو کۆمەڵێکی سوسیالیستی لەچارنەهاتووە.

**کۆمەڵایەتی بوونی کار** بنەمای سەرەکی ماددی سەرهەڵدانی لەچارنەهاتووانەی سوسیالیزمە کە بەهەزاران شکڵ و شێوە و بەخێراییەکی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر دەچێتە پێش و لەم پەنجا ساڵەی پاش کۆچی دوایی مارکسیش بەتایبەت لە پەرەسەندنی بەرهەمهێنانی گەورە، لە گەشەساندنی "کارتێل"ەکان[١]، سەندیکاکان[٢] و تراستی[3] سەرمایەدارەکان و هەروەها قەبەبونی بارستایی و زۆربونی سەرمایەی ماڵی بەشێوەیەکی بەرچاو خۆدەنوێنێ. پرۆلتاریا کە خۆی پەروەردەی دەستی سەرمایەدارییە ماتۆر و پاڵپەوەنەری فەرهەنگیی و ئەخلاقی ئەو ئاڵوگۆڕەیە و بەکردەوە ئەو گۆڕانە (واتە سەرمایەداری بۆ سوسیالیزم) بەئەنجام دەگەیەنێ. یانی ئەرکی ئەم گۆڕانکارییە لە

---

[١] ـ کارتێل، واتە دەستەبەندییەک لە نێوان خاوەن پیشەسازییەکان یان بازرگانەکان لە یەک یان چەند وڵاتدا. بەم مانایە بەرینتر و گەورەترە لە «تراست»، چونکا سنوور دەپەڕێنێ و ئاستی جیهانی دەگرێتەوە. کارتل بۆیە دروست دەبێ تا قیمەتەکان یەکدەست بکا، ئەگەر پێویست بوو بەرهەمهێنان ڕابگرێ یان دەستی پێوەبگرێ یاخود گورجێ بکاتەوە. هەروەها چۆنیەتی هێنانە بازاری کەلوپەلەکان کۆنترۆڵ بکات، بازاری فرۆشی بەرهەمەکانیان لە نێو خۆیاندا دابەش بکەن. بوونی کارتێل هەنگاوێکیترە بۆ هەرچی زیاتر مویەپووتکردنی پیشەسازی بچووک و دەرپەڕاندنیان لە بازنەی ڕەوتی بەرهەمهێناندا.(و . کوردی)

[٢] ـ ڕێکخراوێکی پیشەییە بۆ داکۆکی و بەگری لە بەرژەوەندی ئەو چین و توێژانەیە کە ڕێکیان خستووە یان دایانمەزراندووە. سەندیکا سەرەتا لە ڕەوتی خەباتی کرێکاراندا بۆ داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانان و چاکترکردنی هەلومەرجی بژیوو و بەرێچوونیان پێکهاتن. سەرەتا لە ئینگلستان و پاشان لە فەرانسە و ئەمریکا و ئاڵمان و .. هاتنە مەیدان. سەندیکاکان ئەوکاتەی کە هێشتا حیزبی کمەنیست دانەمەزرابوو نەخشێکی گەورەی لە ڕێکخستنی خەباتی سیاسی و ئابووری کرێکاراندا گێڕا، بەڵام پاشان ئەرکە سیاسییەکانیان کەمڕەنگ کرایەوە و زیاتر ئەرکی بەرگری لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و خەبات لە پێناو چاکترکردنی هەلومەرجی ژیانی کرێکارانی گرتە ئەستۆ. دواتریش سەندیکای کارفەرماکانیش پێکهاتن. ئەویش شکڵێکە لە پاوانەکان(ئینحصارات) و بۆ مەبەستی ڕێککەوتن لەسەر چۆنیەتی فرۆشتنی کەلوپەلە بەرهەمهاتووەکان و کڕینی کەرەسەی خاو و یەکدەستکردنی قیمەتەکان و کۆنترۆڵی بازار کەوتنە جموجووڵ.(و. کوردی)

[٣] ـ نەوعێک پاوان، ئینحصار یام مۆنۆپۆلە و لە یەکگرتنی چەندین دامەزراوەی ئابووری سەربەخۆ لەناو وڵاتێکدا پێک دێت. تراست نرخی ئەو کەلوپەلانەی کە لەم دامەزراوانەدا بەرهەم دێن هاوسەنگ و یەکدەست دەکات. دەتوانین بڵێین کە بەجۆرێک ململانێی ناوخۆیان لەنێو دەبەن یان کەمی دەکەنەوە. تراست یەکێکە لە شێوەکانی خۆدەرخستنی سیستمی ئابووری سەرمایەداری. بە پاوانکردنی بازاری کەلوپەلی بەرهەمهاتوو و چۆنیەتی فرۆشینەکەی سەرمایەدارە بچوکەکان و کارگە و شیرکەتە بچوکەکانی بەرهەمهێنان بەرەو مایەپووتی ڕادەکێشن و لە بازار وەدەرنان دەنێن. تراستەکان بە کۆنترۆڵی بازاری بەرهەمهێنان دەتوانن هەر نرخێک کە بیانەوێ لەسەر کەلوپەلە بەرهەمهاتووکانی خۆیان دابنێن و بەمجۆرە بازاری مەسرەف و بەرهەمهێنان دەخەنە پاوانی خۆیان. (و. کوردی)

ئەستۆی پرۆلتاریایە. خەباتی پرۆلتاریا لە شکڵ و شێوەی جۆربەجۆر و بەناوەرۆکی هەردەم قوڵتر سەرهەڵدەدا و بەناچار دەبێتە خەباتی سیاسی و لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن پرۆلتاریاوە (دیکتاتۆری پرۆلتاریا) دەچێتە پێش. کۆمەڵایەتی بوونی بەرهەم ناتوانێ بەرەو خاوەنیەتی کۆمەڵگا بەسەر هۆکانی بەرهەمهێناندا نەچێ، یانی بەرەو ئەوە تێپەڕ نەبێ کە خاوەنیەتی لەو کەسانە بسێندرێتەوە کە خەلکانی دیکەیان لە خاوەندارێتی دەخست. بەرزبونەوەی هەرچی زیاتری قازانجبەخشی کار، کەمبونەوەی ماوەی کار و سەرهەڵدانی کاری بەکۆمەڵ و گەشەساندو جێگای بەرهەمهێنانی بچوکی سەرەتایی و پرژوبڵاوی کۆن دەگرێتەوە. ئەمانە هەمویان سەرەتاکانی تێپەڕبونی ڕاستەوخۆ بەرەو خاوەندارێتی کۆمەڵگا بەسەر هۆکانی بەرهەمهێنان.

سەرمایەداری پێوەندی نێوان کشتوکاڵ و پیشەسازی دەپسێنێ، بەڵام لەهەمان حالیشدا بە گەشەساندنی بەرزی خۆی گەرای نوێ بۆ دامەزراندنی جۆرێکیتر لە پێوەندی بۆ پێکەوە گرێدانی کشتوکاڵ و پیشەسازی لەسەر بناخەی بەکارهێنانی بەدانستەی زانست و ڕێکخستنی کاری بەکۆمەڵ و ڕەچاوکردنی سیاسەتی نوێی دابەشبونی حەشیمەت بەشێوەیەکی دیکە پێکدەهێنێ، بەجۆرێک کەهەم گوندی تەریک و پەرتەوازە و دابڕاو لەدنیای دەرەوە لەنێو دەچێ، هەم جەمعییەتی چروپڕ و نائاسایی جەماوەری زۆروزەبەند لەشارەکانیشدا نامێنێ. لەگەڵ ئەوانەشدا شێوازە بەرزەکانی سەرمایەداری هاوچەرخ ڕێگا بۆ سەرهەڵدانی شکڵێکی نوێی خاوخێزان، بارودۆخێکی نوێ بۆ ژنان و هەلومەرجی نوێ بۆ پەروەردەکردنی وەچەی نوێی رولەگەشە خۆش دەکات. کاری ژنان و منالان و داروخانی خانەوادەی بابمەزنی لەناو کۆمەڵگای هاوچەرخدا و لە لایەن سەرمایەداریەوە بە ناچار شێوەی زۆر ترسناک و هەژاری هێنەر و لەهەمانحالێشدا زۆر بێزراو بە خۆیەوە دەگرێ. لەگەڵ ئەوەشدا پیشەسازی گەورە لە ڕەرتی ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لەدەرەوەی چوارچێوەی خاوخێزاندا دەورێکی بەبرشت دەدا بە ژنان، مێرمندالان و بەگشتی هەردوو جنسی ژن و پیاو، لەڕاستیدا بەم کارەش بناخەیەکی ئابوری نوێ بۆ قەوارەیەکی بەرزتری خاوخێزان و پێوەندییەکانی نێوان دوو جنس پێک دەهێنێ. ئاشکرایە کە بەنەگۆر زانینی شکڵی ژرمانۆ-مەسیحی خاوخێزان[4]، بەقەدەر بەنەگۆر زانینی قەوارەی کۆنی رومییەکان، یۆنانییەکان یاخود شکڵی رۆژهەڵاتییانە خاوخێزانی بێبنەما و چەوت و ناراستە. دیارە کە ئەم شکڵ و شێوە جۆربەجۆرانە لەپێوەندی پێکرا یەک زنجیرەی مێژوویی گەشەساندن و پێگەیشتن پێکدەهێنن. هەروەها ئەوەش ئاشکرایە کە ئاوێتەکردنی سەرجەمی ئەو کەسانەی کە کاری بەکۆمەڵ دەکەن - لەهەر دوو جنسی ژن و پیاو و لەتەمەنی جۆر بەجۆر- هەرچەند لەشکڵی خۆبەخۆیی و توند و تیژی سەرمایەداری (کە تێیدا کرێکار لە خزمەت ڕەوتی بەرهەم هێناندایە نەک بە پێچەوانە) سەرچاوەی فەساد و کۆیلەتیە، بەڵام لەهەلومەرجی لەبار و موناسبدا دەبێ بەپێچەوانە ببێ بە سەرچاوەی هەڵدان و گەشەی مرۆڤایەتی[5]. نیزامی فابریکی «گەرای جۆری پەروەردەیی داهاتوو»مان پێنیشان دەدات، «پەروەردەکردن و بارهێنانێک کە بۆ هەموو منالان لە تەمەنێکی تایبەتییەوە کاری بەرهەمهێنەرانە لەگەڵ فێرکردن و وەرزش تێکەڵ دەکات. ئەمە نەتەنیا یەکێک لە ڕێگاکانی بەرزکردنەوەی ئاستی قازانجبەخشی کارە، بەڵکو تاقە ڕێگای بەرهەمهێنانی ئەو ئینسانانەیە کە لەهەمو بارێکەوە پێگەیشتوون و هەڵیانداوە.»[6]

سوسیالیزمی مارکس هەر لەسەر ئەم بنەڕەتە مێژووئیە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە نەتەوە و دەوڵەتیش دەهێنێتە گۆڕێ. ئەم بنەڕەتە مێژووئیە هەر ئەوە نیە کە هەر بە ڕابردوودا بچێتەوە و رووونی بکاتەوە، بەڵکو بوێرانە داهاتووش پێشبینی دەکا و بە هەڵسورانی بەکردەوە و بوێرانەی زانستیش هەوڵ بۆ هێنانە دیی ئەو داهاتووە دەدات. نەتەوەکان بەروبومی بەناچاری و شکڵی لەچارنەهاتووی سەردەمی هەڵدانی کۆمەڵایەتی بورژوازیین. پرۆلتاریاش ئەگەر لە «چواچێوەی سنورەکانی نەتەوەیی جێگەی نەگرتبا» و ئەگەر « نەتەوەیی» نەبا، گیانی وەبەر نەدەهات، پێنەدەگەیشت و قەوارەی نەدەگرت. (بەهیچ جۆر مانا و لێکدانەوەی بورژوازی لەم وشانە مەبەست نیە) بەڵام هەڵدانی

---

[4] ـ مەبەست شێوەی خاوخێزانیی کۆن و سوننەتی کە لە چوارچێوەی داب و ڕەسمی وشکی کۆنەپارێزانەی مەزهەبیدا قەتیس کراوە و ریسای باوکمەزنی سێبەری خەستی بەسەردا کێشاوە. (و. کوردی)

[5] ـ بۆ زانیاری زیاتر لەم بابەتە بڕواننە کاپیتاڵ، بەرگی یەکەم، کۆتایی فەسڵی١٣

[6] ـ کاپیتاڵ، بەرگی یەکەم،کۆتایی فەسڵی١٣

سەرمایەداری بەشێوەیەکی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر حەسار و وارشەکانی نەتەوەیی تێکدەشکێنێ و تەریک مانەوەی نەتەوەکان لەنێو دەبات و جێگای لەئاشتی نەهاتویی نەتەوەیی دەدات بە دژایەتییە لە ئاشتی نەهاتووەکانی چینایەتی. هەر بەم هۆیە ئەمە عەینی ڕاستییە ئەگەر بڵێین کرێکاران نیشتمانیان نیە و «هاریکاری و هاوپێوەندی» لانی کەم لە نێوان کرێکارانی وڵاتانی پێشکەوتوو یەکێکە لە سەرەتایی ترین مەرجەکانی رزگاربوونی پرۆلتاریا»"[٧]

دەوڵەت زۆرداریییەکی ڕێکخستەی بە دانستەیە کە دەبوا لە پلەیەکی دیاریکراوی هەڵدانی کۆمەڵگادا سەرهەڵبدا، ئەویش لەو کاتەوە کە کۆمەڵگا بەسەر چینی دژبەیەک دابەش بوو. ئەودەم ئیتر کۆمەڵگا نەیدەتوانی بەبێ «دەسەڵاتی باڵادەست» کە بەرواڵەت لەسەرو چینەکانەوەیە و تاڕادەیەکیش لێی دابڕاوە، درێژە بە ژیانی خۆی بدات. دەوڵەت کە لە جەرگەی دژایەتییە چینایەتییەکان سەری دەرهێناوە دەوڵەتی بەهێزترین چینێکە کە دەسەڵاتی ئابوری هەیە، هەر ئەم چینە بە یارمەتی دەوڵەت (کە هی خۆیەتی) دەتوانێ لە باری سیاسیشەوە باڵادەستی خۆی دابین بکات و لەم ڕێگایەشەوە ئەهرۆم و ئامرازی نوێ بۆ ڕکێفکردن و چەوساندنەوەی چینی زۆرلێکراو بەدەست بهێنێ. دەولەتی هەرە پێشوو بەر لە هەر شتێک دەوڵەتی کۆیلەدارەکان بوو بۆ ڕکێفکردنی کۆیلەکان. دەوڵەتی دەرەبەگایەتیش بنکە و ئۆرگانی خاوەن زەویوزارە گەورەکان و دەرەبەگەکان بوو بۆ ڕکێفکردنی جوتیارانی شەتەکدراو. دەوڵەتی هەڵبژاردەی ئێستاش ئامرازی چەوساندنەوەی کرێکارانە لە لایەن سەرمایەدارەکان.[٨] تەنانەت سەربەسترین و پێشکەوتەترین شکڵی دەوڵەتی بورژوایی یان کۆماری دمۆکراسیش هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە، ئەوە تەنیا لە ڕەنگ و رواڵەت و سیما دایە کە جیاوازییان هەیە، دەنا ناوەڕۆک هەر یەکە. (پێوەندی حکومەت بە بۆرس، بەرتیلخۆری ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆی ئەشرافەکان و بڵاوکراوەکان و هیتر)

سوسیالیزم بە نەهێشتنی چینەکان دەوڵەتیش بەرەو نەمان دەبات. ئینگێلس لە کتێبی «ئانتی دورینگ»دا دەنوسێ: «یەکەم هەنگاوێک کە دەوڵەت بە ڕاستی وەک نوێنەری هەمو کۆمەڵگا و بە قازانجی تێکڕای کۆمەڵگا هەڵیدەگرێ ئەوەیە کە خاوەنیەتی بەسەر هۆکانی بەرهەمهێنان لەنێو دەبات، ئەمە لەهەمان حاڵیشدا دوایین هەنگاوی ڕاستەوخۆیەتی کە وەک دەوڵەت هەڵیدەگرێ. لەوەبەدوا ئیتر خۆتێوەردانی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە بەشی جیاجیای پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیدا یەکبەدوای‌یەک شتێکی ناپێویست و زیادە دەبێ و خۆبەخۆ دەپچڕێ. ڕێبەری کردنی ئینسانەکان جێگای خۆی دەدا بە بەڕێوەبردنی ئەشیا و ڕێکوپێککردنی کاروباری ڕەوتی بەرهەمهێنان. دەوڵەت "هەڵناتەکێندرێ" بەڵکو "دەتوێتەوە". کۆمەڵگایەک کە ڕەوتی بەرهەمهێنان لەسەر بناخەی هاوبەشی ئازادانە و یەکسانی بەرهەمهێنەران ڕێک دەخات، ماشینی دەوڵەتی دەخاتە جێگایەک کە لەو ڕۆژەدا شیاویەتی، واتە لە مۆزەخانە و لە پاڵ تەشی و تەوری مەفرەغیدا دایدەنێ»[٩] لە کۆتاییشدا جێی خۆیەتی ئیشارەیەکیش بەوە بکەین کە لەروانگەی سوسیالیزمی مارکسەوە وردە جوتیارەکان لە دەورانی «ئەستاندنەوەی خاوەنیەتی لەو کەسانەی کە خەڵکی دیکەیان لە خاوەنیەتی دەخست» چییان لێ بەسەردێت و چۆنیان لەگەڵ دەجولێنەوە. دەبێ لێرەدا ئاماژە بە وتەکانی ئەنگێلس بکەین کە بیروڕای مارکس بەیان دەکا و دەنوسێ: «کاتێ ئێمە دەسەڵاتمان بکەوێتە دەست، قەت بیر لەوە ناکەینەوە کە بە زەبروزونگ خاوەنیەتی لە جوتیارانی بچوک بسێنینەوە، جا چ بە قەرەبوکردنەوە، یان نەکردنەوە هیچ فەرق ناکات. بەلام سەبارەت بە گەورە زەویدارەکان ئەمە بە شتێکی پێویست دەزانین. ئەرکی ئێمە سەبارەت بە جوتیارانی بچوک بەر لە هەرشتێک ئەوە دەبێ کە بەرهەمهێنان و خاوەنیەتی تایبەتی ئەوان بگوێزینەوە بەرەو بەرهەمهێنان و خاوەنیەتی هەرەوەزی، ئەمەش نەک بە هانابردنە بەر زەبروزونگ بەڵکو بە ڕێنماییکردن و ڕچەشکاندن و ڕێپیشاندان و پێشنیاری یارمەتیدانی کۆمەڵایەتی بەمەبەستی هێنانەدیی ئەو ئامانجە. بێ گومان ئەوکات هێندە کەرەسە و ئەسبابی

---

[٧] ـ مانیفیستی حیزبی کمۆنیست، لە وەرگێڕاوی فارسیدا،لاپەرەکانی ٩٦و٩٧

[٨] ـ ئینگلس، کتێبی " سەرچاوەی خاوخێزان، خاوەنیەتی تایبەتی و دەوڵەت" کە تێیدا بیروڕاکانی خۆی و مارکس لەم بابەتەوە ڕوون دەکاتەوە.

[٩] - ئینگلس، کتێبی سەرچاوەی خاووخێزان، خاوەنیەتی تایبەتی و دەوڵەت.

وامان لەبەردەستدا دەبێ کە بتوانین چاکیەکانی ئەم راگوێزان و تێپەڕبوونە (گۆڕانی خاوەنیەتی تایبەتی بە خاوەنیەتی هەرەوەزی) بسەلمێنین. دەبێ هەر لەئێستاوە ئەم چاکییانەیان بۆ ڕوون بکرێتەوە.[10]

[10] - "مەسەلەی زەوە و زار لە رۆژئاوا" نوسینی ئەنگێلس، لەبڵاوکراوەکانی ئالکسیوا،لاپەڕەی١٧. وەرگێڕدراوە رووسییەکەی چەند هەڵەیەکی تێدایە. دەقی نوسراوەکە لە "نۆیەتسایت"دا هەیە.



# کورتەیەک لە ژیانی کارل مارکس و پوختەیەک لە مارکسیسم

(٦)

**نووسینی : و . ا . لنین**

**وەرگێڕانی : ناسر ئەمین نژاد**

## • تاکتیک[١] و خەباتی چینایەتی پرۆلتاریا

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە مارکس لە ساڵەکانی ١٩٨٤-١٩٨٥وە قامکی خستبوەسەر یەکێک لە کەموکوڕیە بناخەییەکانی ماتریالیزمی کۆن کە نەیتوانیبوو لە گرینگی هەلومەرجی هەڵسورانی بەکردەوەی شۆرشگێرانە بگات. ئەمجار بۆ نەهێشتنی ئەو کەموکوڕییە بەدرێژایی تەمەنی وێڕای کاری تیۆریک بەشێوەیەکی جیدی و بەردەوام سەرنج و ئاوڕیشی لە مەسەلەکانی تاکتیک و خەباتی چینایەتی پرۆلتاریا دەدایەوە. هەموو بەرهەمەکانی مارکس و بەتایبەت نامەگۆڕینەوەکانی لە گەڵ ئینگێلس کە ساڵی ١٩١٣ لە چوار بەرگدا بڵاو بۆتەوە، مایەی‌کار[٢] و ماتریاڵێکی زۆروزەبەند لەم بابەتەوە دەدەن بەدەستەوە. ئەم دەستاژۆیە هێشتا بەهیچ جۆر دەستەبەندی و کۆنەکراونەتەوە و پێویستییان بە شەرح و شییکردنەوە هەیە. هەربۆیە لێرەدا ناچارین تەنیا بەسەرچڵی چەند ئیشارەیەکی زۆر گشتی و کورتیان پێ بکەین. دوپاتی دەکەمەوە لە مارکس بەحەق لەو بڕوایەدا بوو کە ماتریالیزم بە بێ ئەم لایەنە واتە هەڵسورانی بەکردەوەی شۆرشگێرانە، شتێکی نیوەچڵ، یەک لایەنە و مردووە. مارکس پێیوابوو ئەرکی بناخەیی تاکتیکی پرۆلتاریا ئەوەیە کە دەبێ لەگەڵ هەموو زەمینەکان و دنیابینی و لایەنە دیالکتیکییەکەیدا بێتەوە. تاکتیکی بەجێ، دروست و پتەوی چینی پێشرەو دەبێ پشتی بە بناخەیەکی پتەوی تێروانینەوە بەستڕابێ، ئەوەش هیچ شتێک نیە جگە لەوەی کە سەرجەمی پەیوەندییە واقعی و عەینییەکانی هەموو چینەکانی ناو کۆمەڵگا و قۆناغە عەینیەکانی هەڵدانی ئەم کۆمەڵگایە بخرێتە بەرچاو، هەروەها دەبێ پێوەندییەکانی دوو لایەنەی نێوان ئەم کۆمەڵگایە و کۆمەڵگاکانی دیکەش لەبەرچاو بگرێ. جگە لەوەش دەبێ بزاندرێ کە هەمو چینەکان و گشت وڵاتان تەنیا لە حاڵەتی بزوتن و هەڵسوران نەک وەستان، واتە لە حاڵەتی تەکان و حەرەکەت، نەک نەبزوتن و چەقین دەخرێتەبەرچاو. حەرەکەتێک کە قانونەکانی لە هەلومەرجی ئابوری ژیانی هەرکام لە چینەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. زیندویی و حەرەکەتیش بەنۆرەی خۆی بەمانای دیالکتیکی لێک دەدرێتەوە، کە هەم ڕابردووی لەبەرچاوە و هەم قسەی داهاتوشی پێیە، ئەمەش بە پێچەوانەی دەربڕین و ڕوانگەی بێ ناوەرۆک و پوچەڵی «ئێڤۆلوسیۆن»کانە کە تەنیا وردە گۆڕانکارییەکان دەبینن. کەوابوو هەربەوجۆرەی کە مارکس بۆ ئینگێلس نوسی: «لە ڕەوتە گەورەکانی هەڵدانی مێژوییدا هەر بیست ساڵ ڕۆژێکە، هەرچەند لەوانەشە پاشان ڕۆژانەکی وەها بێنە پێش کە هەر ڕۆژێکی بەقەدەر بیست ساڵ بێ، واتە چروپڕی بیست ساڵی تێدا کۆ بوبێتەوە»[٣] تاکتیکی پرۆلتاریا لەهەر پلەیەکی گەشەساندن و لەهەر ساتە وەختێکدا دەبێ ئەم دیالکتیکە عەینی و

---

[١] ـ لە نووسراوەکانی لنین و هەر لێرەشدا وشەی تاکتیک بە مانایەکی زۆر بەرینتر لەوەی کە ئەمڕۆ باوە بەکارهاتووە. لنین لە تاکتیک ئەو مانایەی مەبەستە کە ئەمڕۆ لە کۆی وشەکانی وەک تاکتیک، ستراتیژیک، ڕێباز و سیاسەتی حیزب دەیبینین و لێی‌تێدەگەین. لنین لە کتێبی «دوو تاکتیکی سوسیال دموکراسی»دا دەڵێ: «مەبەست لە تاکتیکی حیزب ڕێبازی سیاسی یان بە واتایەکی‌تر تایبەتمەندی، ڕەوت و ڕێگا و شێوەکانی هەڵسورانی سیاسییەتی» هەڵبژاردەکان بەرگی ١ لاپەڕەی ١١. (و. فارسی)

[٢] ـ مایەی کار یان دەستاژۆ بۆ دەربڕینی واتای «ماتریاڵ Material» بەکارهاتووە، هەموویان بریتین لە سەرجەمی سەرچاوەکان، زانیارییەکان و ئەو بەڵگەنامانەی کە زانایەکی لێکۆڵەر و نوسەر دەیکاتە بناخە و بنەمای کار و لێکۆڵینەوەکانی خۆی. (و.کوردی)

[٣]- نامە گۆڕینەوەکانی مارکس و ئینگێلس، بەرگی٣

لەچارنەهاتووەی مێژوی مرۆڤایەتی بخاتە بەرچاو. دەبێ لە لایەک لە کەش و هەوای دابەزینی سیاسی یان ڕەوتی هەڵدانی بەشێنەیی (کیسەڵی) و بەناو «هێمنانە» بۆ بردنە سەرەوەی زانیاری و پترکردنی هێز و توانای خەباتگێڕانەی چینی پێشڕەو کەڵک وەربگرێ، لە لایەکی دیکەش کار و ئەرکەکانی ئەم کەڵک لێوەرگرتنە وەها ڕێک بخات کە لە پێناو «ئامانجی نیهایی» جوڵانەوەی ئەم چینەدا بێت و توانا و لێهاتوییەکانی ئەم چینە بۆ ڕاپەڕاندنی بەکردەوەی ئەرکە گەورەکانی ئەو ڕۆژە مەزنانەی کە«هەر ڕۆژێکی چرۆپڕی بیست ساڵی تێدایە» پەروەردە بکات.

لەم مەسەلەیەدا کە باسی دەکەین بەتایبەت دوو بۆچوونی مارکس بەتایبەت زۆر گرینگن:

١. خەباتی ئابوری و ڕێکخراوە پیشەیی و ئابورییەکانی پرۆلتاریا کە لە کتێبی " فەقری فەلسەفە"دا باسی کراوە.

٢. ئەرکە سیاسییەکانی پرۆلتاریا کە لە مانیفێستی کمونیستی دا خراونەتە گۆڕ.

یەکەمیان بەمجۆرەیە:

«پیشەسازی گەورە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو ئینسانانەی کە یەکتر ناناسن لە یەک شوێندا کۆ دەکاتەوە. ململانێی بەرژەوەند لە یەکتریان هەڵدەبڕێ، بەڵام لەهەمان کاتدا بەرگری لە حەقدەست ـ کە ئەمە بەرژەوەندێکی هاوبەشە لەبەرامبەر خاوەنکار- یەکیان دەخات، ئەویش لەسەر ئەساسی بیری هاوبەشی ڕاوەستان و پێکەوەبون ... سەرەتا ئەم پێکەوەبوونانە (ائتلاف) پەرتەوازەن، دواتر بەیەک پەیوەست دەبن و کۆمەڵی گەورەتری لێ دەکەوێتەوە. بۆ کرێکاران دیفاع و بەرگری لە یەکێتییەکانیان لە بەرامبەر «سەرمایە»یەک کە هەمیشە یەکگرتووە پێویستییەکی زیاتر لە دیفاع و بەرگری لە حەقدەست پەیدا دەکات... لەم خەباتەدا کە شەری ڕاستەقینەی ناوخۆییە هەموو بەشە پێکهێنەرەکانی خەباتی داهاتو تێکەڵ بە یەکتر دەبن، پێدەگەن و گەشەدەکەن. کاتێ ئەم پێکەوەبوونانە بگاتە ئەم جێگایە ئیتر تایبەتمەندی سیاسی پەیدا دەکات» لێرەدا بەرنامە و تاکتیکی خەباتی ئابوری و جوڵانەوەی سەندیکایی بۆ چەندین دە ساڵ و بۆ سەرتاسەری دەورانی دورودرێژی ئامادەکردنی هێزی پرۆلتاریا بۆ«خەباتی داهاتوو» لەبەرامبەرماندایە. دەبێ ڕێنوێنییەکانی مارکس و ئینگلس لە نمونەی جوڵانەوەی کرێکاریی ئینگلستان لەگەڵ ئەم بەرنامە و تاکتیکە پێک ڕابگرین: کە چۆن « گەشە»ی پیشەسازی بوارێک بۆ «کڕینی کرێکاران» و هەوڵدان بۆ پاشگەز کردنەوەیان لە تێکۆشان دەخولقێنێ[4]، کە چۆن ئەم گەشە ساندنانە بە گشتی «ورەی کرێکاران دەروخێنێ»[5]، کە چۆن پرۆلتاریای ئینگلیس «بورژوایی دەبێ» (وادیارە «بورژوازیی ئینگلیس»، بورژوایی ترین نەتەوە لە ناو نەتەوەکانی دنیا دەیەوێ ئەنجامی ئەم کارە بگەیەنێتە ئەو جێگایەی کە لە بەستێنی بورژواییدا ئەشرافییەتی بورژوایی و بورژواپرۆلتاریاشی هەبێ)، کە چۆن «هێز و بڕستی شۆڕشگێڕانەی ئەم چینە لە نێو دەچێ»، کە چۆن ناچارین ماوەیەکی کەم و زۆر درێژخایەن دان بەخۆماندا بگرین تا کرێکارانی ئینگلیس لەو شتەی کە دەشێ فەسادی بورژوایی بێت، دەربازبن. کەچۆن جوڵانەوەی کرێکاریی ئینگلیس گڕوکفی چارتیستەکانی[6] کەمە، کە چۆن ڕێبەرانی کرێکارانی ئینگلیس شتێکی «لەنێوان بورژوای ڕادیکاڵ و کرێکار»یان لێ دەردەچێ. کە چۆن بە هۆی پێگە و زروفی تایبەت بەخۆیی ئینگلستان ـ و تا دیواری ئەم تایبەت بەخۆییە تێکنەشکێت ـ «لەگەڵ کرێکارانی ئینگلیسدا هیچ ناکرێ» لێرەدا و لەم باسانەدا تاکتیکی خەباتی ئابوری لە پێوەند لەگەڵ ڕەوتی گشتی و تێکڕای جوڵانەوەی کرێکاری و ئەنجامەکانی بە تێڕوانینێکی کراوەی زۆر بەرز و هەمە لایەنە و دیالکتیکی و بەڕاستی شۆڕشگێڕانە لێکدراوەتەوە.

---

[4]- نامە گۆڕینەوەکانی مارکس و ئینگێلس، بەرگی١ لاپەڕەی١٣٦

[5]- نامە گۆڕینەوەکانی مارکس و ئینگلس، بەرگی٢ لاپەڕەی٢١٨٦

[6] ـ چارتیسم، جووڵانەوەیەکی بەرینی کرێکاری بوو کە ساڵی١٨٢٧ لە ئینگلستان دامەزرا و توانی زۆربەی هەرە زۆری یەکێتییە کرێکارییەکانی ئەو وڵاتە بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. چارتیستەکان بەرنامەیەکی ٦مادەییان بۆ چاککردنی باری ژیانی سیاسی، ئابوری کرێکاران هێنایە گۆڕ و درا بە پارلەمان کە ڕەتکرایەوە. بە شوێن ئەم ڕەتکردنەوەدا ڕاپەڕین و مانگرتنی بەرین و گشتی بە ڕێبەری چارتیستەکان دەستی پێکرد. بەڵام سەرکوتکرا. ئەم بزوتنەوەیە جارێکیتر لەساڵی ١٨٤٢ سەری هەڵدایەوە و سەرەنجام تواندرا ئەو شەش مادەیە بەسەر دەوڵەتی ئینگلیسدا بسەپێنن. یەکێک لەو ماددانە بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بوو بۆ کرێکاران.

جووڵانەوەی چارتیستەکان بە یەکێک لە گرینگترین و پرشکۆترین جووڵانەوەی بەرینی کرێکاری لە سەردەمی خۆی ناسراوە. لنین دەڵێ: «چارتیسم ئاخرین وتەی بەر لە مارکس بوو»

"مانیفیستی کمونیستی " حوکمی بناخەیی مارکسیزمی سەبارەت بەتاکتیکی خەباتی سیاسی هێنایە گۆڕێ. لە مانیفیستدا هاتووە: " کمونیستەکان لە پێناو بەدیهاتنی ئامانجە بەپەلە و بەرژەوەندیە ئەمرۆیی و هەنوکەییەکانی چینی کریکار خەبات دەکەن، لەهەمان حاڵیشدا و لەناو جوڵانەوەی ئێستادا بەرگری و دیفاع لە داهاتوی جوڵانەوەکەشیان لە ئەستۆیە"[٧] هەر لەم ڕوانگەشەوە بوو کە مارکس لە ساڵی ١٨٤٨دا و لە لهستان پشتیوانی لە حیزبی «شۆڕش»ی زەوی‌وزار دەکرد، لەو حیزبەی کە ئاوری ڕاپەڕینی "کراکۆ"ی لە ساڵی ١٨٦٨ هەڵگیرساند. مارکس لە ئاڵمان لە ساڵی ١٨٤٨-١٨٤٩ پشتیوانی لە شۆڕشگێڕترین دمۆکراسی شۆڕشگێڕ دەکرد و دواتریش قەت لەو شتانەی کە ئەودەم سەبارەت بە تاکتیک وتبوی، هەڵنەگەڕایەوە. مارکس بورژوازی ئاڵمانی وەک توخمێک (عنصر) دەدیت کە: «لە هەمان سەرەتاوە مەیلی بەوە هەبوو کە ڕوو لەخەڵک هەڵگەڕێنێتەوە و خەیانەت بە گەل بکات و لەگەڵ نوێنەرانی پاشایەتی کۆمەڵگای کۆندا ڕێ بکەوێ» (بورژوازی تەینا بە یەکگرتن لەگەڵ جوتیاران بوو کە دەیتوانی هەموو ئەرکەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت).

مارکس هەڵوێستی چینایەتی بورژوازی ئاڵمان، لەسەردەمی شۆڕشە بورژوا دموکراتیکەکان ئاوا لێک دەداتەوە: «بورژوازی متمانە و بڕوای بە خۆی نیە، متمانە و بڕوای بە گەل نیە، لە ئاست بەرەوژوورییەکاندا بە پرتە و بۆلەیە و لە بەرامبەر خوارترەوەکانیش لەرزۆک و ڕاڕا... لەتاو گەدەلوولی جیهانی دنیای لەبەر هەڵگیراوە، لە هیچ شوێنێک وزەیەک دەرناخات، لە هەموو جێیەک دزی بیروڕای خەڵکانی دیکەیە... دانەهێنەر و لێنەهاتووە ... پیرێکی لەعنەت لێکراوە کە مەعکومە هاتا گروکفی هەرەتی لاوێتی گەلێکی گەنج و ساغ لەپێناو بەرژەوەندی پیرانەی خۆی ڕێبەری بکات...» [٨] ئەم لێکدانەوەیە نمونەی ماتریالیزمێکە کە کۆمەڵگا لەحاڵی حەرەکەت و بزوتندا دەبینێ و بەو حەرەکەتەشەوە ناوەستێ کە هەر ئاوڕی بۆ دواوەیە.

مارکس پاش تێپەڕبوونی بیست ساڵ لە نامەیەکدا بۆ ئێنگێلس[٩] بەمجۆرە قامک دەخاتە سەر هۆیەکانی سەرنەکەورنی شۆڕشی ١٨٤٨ و دەنوسێ: « بورژوازی ڕێکەوتن و ئاشتبوونەوە لەگەڵ کۆیلەتی زۆر پێ باشتر بوو لە تەنانەت سەیرکردنی دیمەنی خەبات لەپێناو ئازادیدا» مارکس پاش نیشتنەوەی شۆڕشی ١٨٤٨-١٨٤٩ لەدژی هەرجۆرە پاڵ بە شۆڕشەوەنانی[١٠] «شاپیرSchapper » و«ڤلیچ Willich» هەستا و دەیوت، دەبێ فێر ببین کە چلۆن لە دەوران و قۆناغێکی نوێدا کە وا وێ دەچێ لە ڕەوتێکی «هێمنانە»دا شۆڕشە نوێکان ئامادە دەبن، کەڵک وەربگرین و بجوڵێینەوە. بۆ ئەوەی بزانین کە مارکس لەم دەورانانەدا داوای چ جۆرە کار، یان کار بە چ ناوەڕۆکێکی دەکرد چاک وایە چاوێک لەم هەڵسەنگاندنەی مارکس لەسەر بارودۆخی ئالمان (ساڵی١٩٥٨) بکەین، ئەو دەمەی کە ڕەشترین دەورانەکانی دەسەڵاتداریی کۆنەپەرستی باڵی بەسەر ئاڵمانداکێشابوو. مارکس دەڵێ: «لە ئاڵمان هەموو شتێک بەوە بەستراوەتەوە کە بتواندرێ لە پێناو شۆڕشی پرۆلتاریاییدا- بە چاپی دووهەمەکەی- پشتی شەری جوتیاری بگیردرێ» مارکس تا کاتێ شۆڕشی دمۆکراتیک (بورژوایی) لە ئاڵمان کۆتایی پێ نەهاتبو، سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لە تاکتیکی پرۆلتاریایی سوسیالیستییدا خستبوە سەر بەرفراوان کردنەوەی وزەی دموکراتیکی جوتیاران. مارکس بە ئاشکرا «لاسال»ی بە خەیەنەت دەرحەق بە جوڵانەوەی کرێکاری تاوانبار دەکرد، یەکێک لە هۆیەکانی ئەوە بوو کە چاو لە ئاست خاوەن زەویوزارەکان و ناسیونالیسمی پرۆس دەبەستێ. ئێنگێلس ساڵی ١٨٦٥ بۆ ڕاوێژ و ڕاگۆڕینەوە لە گەڵ مارکس لەسەر ڕاگەیاندنێک کە دەیانەویست بە دوقۆڵی بڵاوی بکەنەوە لە نامەیەکدا[١١] بۆ مارکس دەنوسێ: «ئەوپەڕی نەزمی سوکییە کە لە وڵاتێکی کشتوکاڵیدا بە ناوی کرێکارانی پیشەسازیەوە، تەنیا بورژواکان بکەونە بەر پەلامار و

---

[٧]- مانیفیستی حیزبی کمۆنیست، لە وەرگێڕاوی فارسیدا،لاپەڕەی١٢٣

[٨]- ڕۆژنامەی " ڕاینی نوێ" ساڵی ١٨٤٨، بڕوانە " کەلەپوری ئەدەبی" بەرگی ٣ لاپەڕەی ٢٢٤.

[٩]- نامە گۆڕینەوەکان، بەرگی ٢ لاپەڕەی ٢٢٤.

[١٠]- مەبەست چەپ ڕەوی و «انقلاب بازی»یە

[١١]- نامە گۆڕینەوەکان، بەرگی سێهەم لاپەڕەی ٢١٧.

چاو له ئاست چەوساندنەوەی باب مەزنانە و «دارکاری و فەلاقە»ی کرێکارانی دێ نشین بە دەستی ئەشرافە دەرەبەگەکان ببەسترێ»[12]

لەساڵەکانی۱۸۷۰-۱۸٦٤ کە دەورانی شۆڕشی بورژوا - دمۆکراتیک بەرەو کۆتایی دەچوو، دەورانێک کە تێیدا چینە چەوسێنەرەکانی پرۆس و ئۆتریش لە گەل یەکتر لەسەر چۆنیەتی کۆتایی هێنان بەم شۆڕشە لەسەرەوە پێکەوە لە کێشمەکێشدا بوون، مارکس نەتەنیا "لاسال"ی تاوانبار دەکرد کە لەگەل بیسمارکدا خەریکی سەروساخت بوو، بەڵکو "لیبکنیشت"یشی دەهێنایە سەر رێ کە دیفاعی لە "پارتیکۆلاریسم"[13] دەکرد و گیرۆدەی «ئۆتریش پەرەستی» ببوو. مارکس خوازیاری تاکتیکێکی شۆڕشگێڕانەی وەها بوو کە بێ ئامان هەم لەدژی «بیسمارک» هەڵوێست بگرێ، هەم لە دژی لایەنگرانی «ئوتریش» بوەستێ. تاکتیکێک کە لەگەل «سەرکەوتوو»ی ئەم کێشەیە واتە گەورە زەوینداری «پرۆس» هاودەم نەبێ، بەڵکوو دەمودەست تەنانەت لەو زروفەشدا کە بە هۆی سەرکەوتنە نیزامییەکانی "پرۆس" هاتۆتە پێش خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی لە دژی دەست پێ بکات.[14]

مارکس لە پەیامی بەناوبانگی ئەنترناسیونالدا، لە رۆژی ۹ی سپتامبری ۱۸۷۰ پرۆلتاریای فەرانسەی لە دژی راپەڕینی ناوادە ئاگادار دەکردەوە، بەڵام کاتێک کە راپەڕین بە هەرحاڵ لە ساڵی ۱۸۷۱دا دەستی پێکرد زۆر بە گەرمی پیرۆزبایی لە داهێنانی شۆڕشگێڕانەی ئەو جەماوەرە کرد کە «هەڵمەتیان بۆ عەرش دەبرد»[15] لە روانگەی ماتریالیزمی دیالکتیکی مارکسەوە لە هەلومەرجێکی وەها و زۆر بابەتی دیکەشدا ئەگەر رەوتی گشتی و سەئەنجامی نیهایی خەباتی کرێکاری و هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی کرێکاری تووشی شکان ببێ، ئەم تێکشکانە خراپییەکی کەمتری هەیە تا دەست هەڵگرتن لە هەڵوێستێک کە گیراوەتە بەر، یان «لە تەسلیم بوونی بێ خەبات. تەسلیم بوونی وا ورەی پرۆلتاریا دەروخێنێ و توانا و برستی خەباتکارانەیان لێ دەسێنێتەوە» مارکس کە بە تەواوی رێزی بۆ کەڵک وەرگرتن لە

---

[12] لەساڵی ۱۸٦۲ " یەکێتی سەرانسەری کرێکارانی ئاڵمان" پێکهات کە " لاسال" بەرێوەی دەبرد. پێکهاتنی ئەم یەکێتییە لەباری رێکخستنی سەربەخۆی چینی کرێکارەوە هەنگاوێکی بەرەوپێشەوە بوو. بەڵام "لاسال" و پاش مردنیشی(۱۸٦٤) لایەنگرەکانی سیاسەت و تاکتیکی ناراست و چەوتیان بەسەر ئەم یەکێتییەدا دەسەپاند وەک - یەکگرتنی پرولتاریا لەگەڵ حیزبە دەسەڵاتدارە پاشایەتی خوازەکان و لایەنگرنی وشکارۆی ئەم رەوتە و دەرەبەگەکان لەدژی بورژوازی و حیزبە بورژوازییە پێشکەوتنخوازەکان. "لاسال" و لایەنگرەکانی بە دزییەوە دەستیان لە گەڵ بیسمارک دا تێکەڵ کردبوو.

رۆژنامەی " سوسیال دموکرات" ئۆرگانی لایەنگرەکانی لاسال بوو کە مارکس و ئێنگێلسیش لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا هاوکارییان لەگەڵدا دەکردن. دەست هەڵگرتن لەو تاکتیکە چەوت و ناراستە مەرجی هاوکاری کردنیان بوو. هەڵسوڕێنەرانی ئەو رۆژنامەیە وایان دەنواند کە مارکس و ئێنگێلسیش لە گەڵ ئەو تاکتیکانەدا هاودەنگن، بەمجۆرە دەیانەویست زەبر لە متمانە و خوشەویستییان و لە «ئینترناسیونال» بدەن. لێرەدا بوو کە مارکس و ئێنگێلس بڕیاریاندا لەو هاوکاریە بکشێنەوە. ئەوان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک دژایەتی خۆیان لە ئاست ئەو تاکتیکانە دەربڕی. لەو بەیاننامەیەدا کە ئیمزای هەردوکیانی پێوەیە هاتووە: « ئێمە زۆرجار داوامان دەکرد چۆن لە دژی «پێشکەوتنخوازەکان» ئازایانە خەبات دەکردرێ، دەبێ لانی کەم بە هەمان گوێرەش دژ بە کۆڕی وەزیران و "حیزبی دەرەبەگایەتیی تۆخ" خەبات بکردرێ. بەڵام ئەو تاکتیکەی کە سوسیال - دموکرات گرتویەتە بەر رێگای درێژەدانی هاوکاری بۆ ئێمە نەهێشتۆتەوە.

مارکس و ئێنگێلس وێڕای راوێژکردن لە گەڵ یەکتر بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بەیاننامەیە و ئەو نامانەی کە هەر لەم پێوەندییەدا ئاگوگۆڕیان کردووە، بیروڕای تاکتیکی زۆر پڕبایەخیشیان دەربڕیوە. لنین لێرەدا سەرنجی داوەتە ئەو بیروڕایانە. (و.فارسی)

[13] زاراوەیەکە لە زانستی سیاسی بورژوایی، بەهەرجۆرە بزوتنەوەیەک دەوترێ کە مەبەستی بەدەست هێنانی خودموختاری سیاسی، ئیداری، فیدراڵی یاخود فەرهەنگی بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو بێت لە وڵاتێک. (لامەرکەزی)

[14] نامە گۆڕینەوەکانی مارکس لە گەڵ ئینگێلس، بەرگی ۳ لاپەڕەکانی ۱۲٤، ۱۲٦، ۱٤۷، ۱۷۹، ۲۰۳، ۲۱۰، ۲۱۵، ٤۱۸، ٤۲۷، ٤٤۰، ٤٤۱.

[15] نامەی مارکس بۆ "کوگلمەن"

هۆیەکانی قانونی تێکۆشان لە دەورانی داکشان و دابەزینی سیاسی و بوونی ئازادییە قانوونییەکانی بورژوایی دادەنا، لە ساڵی ١٨٧٧-١٨٧٨ پاش ئەوەی قانوونی نائاسایی دژ بە سوسیالیستەکان پەسەندکرا، زۆر بە توندی «مۆست Most»ی بە رستە ریزکردنی «ئینقلابی گەرانە» تاوابنار دەکرد، بەڵام لە هەمان حاڵدا بە توندییەکی نەک کەمتر، بەڵکوو رەنگە زۆرتریش هێرشی دەکردە سەر "ئۆپۆرتۆنیزم" کە لەو کاتەدا بۆ ماوەیەک باڵی بەسەر حیزبی رەسمی سوسیال دموکراتی ئاڵماندا کێشابوو. ئەم حیزبە بۆ وڵام دانەوە بە قانونی نائاسایی دەمودەست ڕاوەستاوی، پتەوی و بەبرشتی هەروەها ورەی شۆڕشگێڕانە و خۆ سازدان بۆ هەل و مەرجی خەباتی نهێنی نیشان نەدا.[١٦]

تەواو

[١٦] نامەکانی مارکس بۆ ئینگێلس بەرگی٤ لاپەڕەکانی ٢٩٧، ٤٠٢، ٤٢، ٤٢٤، هەروەها بڕواننە ئەو نامانەی کە بۆ "زورگە"ی ناردووە.